# ئیرۆتیك لە كۆمەڵە شیعری:"چاكەتێك لە كۆنە دەكرم"ی قوبادی جەلیزادە دا

د.ڕێزان صالح مەولود

زانكۆی كۆیە

بەشی كوردی

## پێشەكی

ئەدەب بە گشتی لە مرۆڤ و ژیانی تایبەتی ئادەمیزاد و ژینگەی دەوروبەری دەدوێ، ئیرۆتیكیش وەك بەشێكی سەرەكی ژیانی مرۆڤ دادەنرێت، لەبەرئەوە ئەدەب بە جۆرێك لەجۆرەكان كەم تا زۆر دەچێتە ناو بابەتەكانی تایبەت بە ژیانی سێكسی و ئیرۆتیكاوە.

پەیوەندی نێوان ئەدەب و ئیرۆتیك بەیەكێك لە بابەتەتە كۆنەكان دادەنرێت، چونكە سێكس لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤەوە هەبووە و لە مەعریفە مرۆڤایەتییەكاندا گوزارشتی لێكراوە، ئەدەبی كوردیش وەك لایەنێكی ژیاری تاكی كورد بەدەر نەبووە لەباسكردنی لایەنە شاراوەكانی سێكس، بەتایبەتیش لە قۆناغی هاوچەرخ و تێكەڵاوبوونی كۆمەڵی كوردی لەگەڵ شارستانییەتەكانی دیكەی دراوسێ و جیهانیدا، بۆیە ئەگەر لە ئەدەبی هاوچەرخی كوردی بڕوانین چاومان ڕۆشن دەبێتەوە بە بەرهەمگەلێكی كەڵەكە بوو لەو بوارەدا، كە بەجۆرێك لە جۆرەكان ئەو بەرهەمانە بەشێوەیەكی دەگمەن و تاكەكەسیی لەڕووی ڕەخنەی ئەدەبییەوە ئاوڕیان لێدراوەتەوە.

زۆربەیان فەرامۆشكراون لەلایەن ڕەخنەگرانی ئەدەبی هاوچەرخی كوردییەوە، لەبەر ئەم هۆكارانە ناونیشانی ئەم باسەمان كرد بە(ئیرۆتیك لە كۆمەڵە شیعری چاكەتێك لە كۆنە دەكرم"ی قوبادی جەلیزادە دا) بەو ئامانجەی بە شێوەیەكی ڕەخەگرانە دەقەكان شیكاربكەین و نویشكێك بخەینە سەر ڕەخنەی ئەو بوارە و خاڵە نادیار و ئاڵۆزەكانی دەقە ئیرۆتیكییەكان دەربخەین.

پرۆگرامی لێكۆڵینەوەكە: لە پێشەكییەك و دووبەشی سەرەكی پێكهاتووە و لە كۆتایشدا ئەو ئەنجامانەی لێكۆڵەر لە كرۆكی باسەكە بەدەستی هێناوە لە چەند خاڵێكدا خراونەتە ڕوو، لەبەشی یەكەمدا لە بابەتەكانی(چەمك و زاراوە و پێناسە و مێژووی ئیرۆتیك)لەگەڵ پەیوەندی نێوان ئیرۆتیك و شیعرییەت دواوین، هەرچی بەشی دووەمە زیاتر پراكتیكییە و باس لە ڕەنگدانەوەی ئیرۆتیك كراوە لەو كۆمەڵە شیعرەدا هەروەك توانیومانە سێ جۆری ئیرۆتیك لەو دەقانە هەڵبهێنجین.

سنووری ئەم باسە لە چوارچێوەی شیعری هاوچەرخی كوردی دایە بە وردیش كۆمەڵە شیعری چاكەتێك لە كۆنە دەكرم ی قوبادی جەلیزادە.

میتۆدی باسەكە:بریتییە لە مێژوویی، وەسفی شیكاری، ڕەخنەیی.

گیروگرفتی باسەكە:فراوانی چەمك و جۆرەكانی ئیرۆتیك لەلایەك، لەولایتر لەبەر سانسۆرە كۆمەڵایەتی و سیاسییەكان بەشێك لە سەرچاوەكان، تەنیا لەڕێگەی ئەلیكترۆنییەوە دەست دەكەون، كە بە ئەستەم ژمارەی لاپەڕەكانیان دیاری دەكرێت، چونكە وتار و لێكۆڵینەوەن لەسەر سایت و ماڵپەڕە ئەدەبی و تاكە كەسییەكان.

سوود و ئامانجی لێكۆڵینەوەكە:لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، كە بۆ یەكەم جارە ئاوڕ لە بەرهەمەكانی شاعیر دەدرێتەوە لە بارەی ئیرۆتیكانی دەقەوە.

## بەشی یەكەم:

## چەمك و زاراوە و پێناسەی ئیرۆتیك :

ڕەگ و ڕیشەی ئیرۆتیك پەیوەستە بە كلتور و ئەدەبیاتی كۆنی گریكی، كە خوداوەند لەو كەلتورەدا تێكەڵاوی ژیانی ئاسایی مرۆڤەكان بووە، ئیرۆتیك وەك و چەمك و پێناسە بە پەیوەندی و تێكەڵاوی نێوان نێر و مێ دەگوترێت، كە ئەوكات خوداكان ئەوكارەیان هەندێجار لەنێوان خۆیان، یاخود لەنێوان مرۆڤەكان، یاخود جاری واش هەبووە لەنێوان مرۆڤ و خوداوەند ئەنجام دەدرا، بەپێی گێڕانەوەكان ڤینۆس (ئەفرۆدێت) ژمارەیەكی زۆری پەری و خوای بچووكی لەبەر دەستدابوون، كە یەكێكیان ناوی (ئیرۆس) بووە و هەمیشە لەگەڵیدا بووە، ئیرۆس هەڵگری كەوانێك و دوو تیر بووە و هەمیشە چاوەدێری ئەوی كردووە، كە ڤینۆس سەرنجی لێدەدات و مەیلی لێیە بۆ ئەوەی بیكاتە ئامانجی تیرەكەی و گرفتاری عیشقی خوایی عیشق و جوانی بكات (عومەر رسول خدر، ٢٠٠٥، ل ٨١) لە هەندێ گێڕانەوەشدا (ئیرۆس) خوداوەندی عەشق و جوانی و ڕەگەز و منداڵ بوون بووە، ئەفرۆدێت دایكی بووە و (ئاریس) باوكی، هەروەها ئاماژەی ڕەنگدانەوەی سێكس بووە لە شارستانیەتە مرۆییەكان (أمال عواد رمضان، ٢٠١٣، ص٣) (ئیرۆس) لە مێژوودا بەوە ناسراوە كە هەمیشە كەسێكی ڕووت و قووت بووە و تیرەكانی دەستیشی یەكێكیان زێڕین بووە، ئەوەی تریش قوڕقوشم، هەركاتێك ویستبای دووكەس بەیەك بگەیەنێت، ئەوا تیرە زێڕەكەی ئاراستە دەكردن، ئەو كاتەش دەیویست دوو دڵ لێك بكات بە تیرە قوڕقوشمیەكە دڵی دەپێكان (سەنگەر ناظم حسین، ٢٠١١، ل٧) واتە بەشێوەیەك (ئیرۆس) پەیوەندیەكی توونودتۆڵی لەگەڵ بەیەكگەیشتنی ڕەگەزەكان هەبووە، پاشان ڕووتیە هەمیشەیەكەشی بووە هۆكارێك بۆ گواستنەوەی چەمكەكە بۆ نێو ئەدەبیات و ئەو ئەدەبیاتە بەكاربێت، كە باس لە ڕووتەمەنی و دەرخستە جەستەییەكانی تایبەت بە سێكس دەكات .

چەمكی ئیرۆتیك بە واتای وەسفی سۆزداریش دێت لەڕووی هەستكردن و حاڵەتی پێوەست بە ئاوێتەبوونی جەستەیی و سێكسی، وەكو چەمكێكی گشتی ئەو تێكستانە دەگرێتەوە كە باكگراوندێكی ڕووتیان هەیە (زانا خەلیل، ٢٠١٢، ل١٩-٢٠) .

(ئەفلاتون) وەكو فەیلەسوفێك ڕووتی بە شتێكی باش و پەسند زانیوە بۆ ئەدەبیات، ئەوەتا لە گفتوگۆكانی كۆماردا ئاماژە بەو خاڵە دەكات، كە كاتێك سپارتەییەكان بە ڕووتییەوە وەرزش و چاڵاكیان ئەنجام دەدا، بەو كارەیان كەرەسەیەكی پەسند و گونجاویان خستە بەردەستی كۆمیدیا نووسەكان (ئەفلاتوون ،٢٠٠٦، ل٢١٩) لەمەشەوە ڕووتی پەیوەست دەبێت بە داهێنان، چونكە هەم دەبێتە كەرەسەی وێنەیەكی واقیعی بۆ نووسەران، ئیرۆتیك باس لە حەزوو ئارەزووە نهێنیەكان دەكات، تاوتوێی چێژی پەنهانی ژیان دەكا، چاوی ئیرۆتیك سنورە داخراوەكانی نێر و مێ بەتایبەتی، بەگشتی مرۆڤ دەشكێنێ و ژیانیان لەوپەڕی ڕووتیدا نیشاندەدا، هەروەها باس

لە جوانی لەش و لارو جوڵانەوەی لەش و ڕەفتاری ناسك و گەمە دڵداریەكان و ڕاموسان و ئاوێزان و دەستبازی تا دەگاتە سنوری سێكس دەكا . (پێشڕەو سەید بڕایم، ٢٠٠٩، ل١٦٣) سەرباری ناسكی جل و بەرگی نێرومێ بەتایبەتیش جلەكانی ژێرەوە بەشێوەیەكی ڕۆمانسیانە و ناسك نیشاندەدات و چێژی سێكسی خوێنەر دەبزوێنێ، لەوەشەوە ڕوون دەبێتەوە كە ئیرۆتیك و ئەدەبی ئیرۆتیكی كار لەسەر غەریزەی سێكسی و وروژاندنەكان دەكات، كە پەیوەستن بەو لایەنەوە .

لە بەرهەمی ئەدەبی ئیرۆتیكدا دوولایەن لە پەیوەندیەكی عاشقانە، یا تاكە لایەنێكی ڕەگەزی لەگەڵ یەكتردا لە خۆشەویستیدان بەنمونە (كچ لەگەڵ كچدا) وەسفی كار و كردەوە یا مەیلە سێكسیەكان تەنها بەشێكی بەرهەمەكە پێك دێنن، لەم جۆرە ئەدەبەدا جوانی و جوانناسی جێگەیەكی بڵندی هەیە و بە وشەكردنی كرداری سێكسی یا نیشاندان و جەخت كردنە سەر ئەندامە سێكسیەكان ناوەڕۆك و كرۆكی سەرەكی بەرهەمەكە پێك دێنن (ناصر غیاثي،٢٠١٠ ، ل١٧) خاڵێكی دیكەی گرنگ لە بەرهەمی ئیرۆتیكدا شوێنی ڕۆح و دەروونە بەرامبەر جەستە، لەبەر ئەوەی مرۆڤ جیاوازی لەگەڵ بوونەوەرەكانی دیكەدا هەیە و سێكس تەنها بۆ زێدەكردنی نەوە و چێژێكی سەرپێیانە ئەنجام نادات، بەڵكو بۆ ئارامی دڵ و دەروون و ڕۆحیش سوودی لێوەردەگرێت، لەوەشەوە ئەدەبی ئیرۆتیكی تەنیا پێوەست نییە بە نیشاندانی جەستە و ئەندامە سێكسیەكانی نێرومێ، بەڵكو مەبەستیەتی هاوگونجاوییەك دروست بكات لەلایەنی ماددی و مەعنەوی ڕەگەزەكاندا، ڕوونتر بڵێین پێكەوە كۆكردنەوەی جەستە و ڕۆحە لەكاتی دیاریكراودا، بەم شێوەیەش تەنیا بوونی جەستە و نیشاندانی وروژێنەرەكانی نێر و مێ بەرهەمێكی ئیرۆتیكی بەپێز دروست ناكەن، چونكە جوانی ناكەوێتە بەر شەپۆلەكانی هەستی خوێنەر بەبێ نیشاندان و بەرجەستەكردنی لایەنی ڕۆحی ڕەگەزەكان، بەو واتایەی دەرچوونی نووسەر یا شاعیر لە تێكەڵاوكردنی ئەو دوو لایەنە، شیعرەكەی لە مەبەستە بنچینەییەكە دەردەچێ و زۆر كاتیش دەبێتە شیعرێكی داشۆرین، سەرەڕای ئەوەی چێژەكەی بۆ سێكس دەبێتە چێژێكی كاتی و هەڵگری سیمای توندوتیژی، هەر لەو بارەیەوە نووسەری ئێرانی (عەباس مەعروفی) پێیوایە، ئیرۆتیك بریتیە لە وێنەگرتنی جوانی ڕەفتاری سێكسی، نەوەك نیشاندانی خودی پرۆسەی سێكسی، لەبەر ئەوەی ئەوە ڕوونە كە هەموو كات ڕەفتار و جۆرە سێكسیەكان جوان و گونجاو نین (عباس معروفي، ٢٠٠٧، ل١) .

لەڕووی بەكارهێنانە زمانییەكانەوە، نووسەر و شاعیری ئیرۆتیكی دەست واڵاترە لە هەر مەبەستێكی دیكەی ئەدەب، چونكە ئەو نووسەرێكی لەوجۆرە خاڵییە لە تابۆ جەستەییەكان و فەزای بەرهەمەكەی دەكاتەوە بەشێوەی وێنەیەكی ئاشكراو ڕوون بۆ جەستە، هەروەها ئەو وشەو زاراوانەی كە تایبەتن بە وردەكاریەكانی جەستە، بەشێوەیەكی بەرفراوان بەكاریان دەهێنێت (فلیحە حسن، ٢٠١٠،ص١٧) لەو ڕێگەیەشەوە نووسەر و شاعیری ئەو جۆرە بەرهەمە دەگاتە ئازادییەكی ڕەها لە چوونە نێو نهێنیەكانی تایبەت بە پرۆسەی سێكس و بەرهەم هێنانی وێنەی ئیرۆتیكی سەرنج ڕاكێش، كە ڕەنگە هەرگیز لە واقیعدا ڕووی نەدابێت، یاخود نەبینرابێت .

زۆرجار سنوری چەمكی سێكس و ئیرۆتیك لەیەك جیاناكرێنەوە و تێكەڵ بەیەكتری دەبن، بەهۆی ئەوەی سێكس كەرەسەی بنەڕەتی ئیرۆتیكە، بەڵام هەردوو چەمكەكە جیاوازیان هەیە و ناكرێ تێكەڵ بەیەكتری بكرێن، ئیرۆتیك بەر لە هەرشتێك تایبەتمەندیەكی مرۆییە و سێكسێكی بە كۆمەڵایەتی كراوە و شێوە گۆڕاوە لە ڕێگەی خەیاڵ و ئیرادەی مرۆڤەوە، سەرەكیترین جیاوازیەك كە ئیرۆتیك لە سێكس جیادەكاتەوە جۆراوجۆری و نا

كۆتایی شێوەكانیەتی لە هەر كات و شوێنێكی ئەم سەرزەمینەدا ئیرۆتیك دروستكراو و داهێنراوی جۆراوجۆری و بێ وەستانە، سێكس هەمیشە یەكسانە وەك خۆیەتی (اوكتاویو پاز، ٢٠١٥، ل ٨) .

هەروەها خاڵێكی دیكە ئەوەیە كە سێكس تەنیا تایبەت نییە بە مرۆڤ، بەڵكو لای بونەوەرانی دیكەش دەبینرێت، بەڵام لای ئەوان گۆڕانكاری بەسەر دانایەت، هەرچی مرۆڤە بەپێی كات و شوێن و سەردەم چێژە جیاوازەكان و كلتور حەزی تاكەكانەوە سێكس دەگۆڕێ بەو چەشنەی كە خۆی ئارەزووی لێدەكات، ئەو گۆڕانكارییەشی ئیرۆتیك لە سێكس جیادەكاتەوە، بەو هۆیەشەوە چێژ و تامەزرۆیی سێكس ڕەگ و ئیرۆتیك گەڵا و عەشق میوەی درەختی سێكسوالێتی مرۆڤ پێكدەهێنن (داریوش برادری،٢٠١٣ ، ل٢١) .

سەبارەت بە زاراوەی ئیرۆتیك بە هەمان چەشن زاراوەكە بنجێكی گریكی هەیە و لە ناوی خوداوەند (ئیرۆس) وەرگیراوە، هەرچی (Erotic)ی ئینگلیزیەكەشە بەواتای وروژێنەری شەهوەتی سێكسی دێت بە هەمان چەشن هەر لەوێ وەرگیراوە (محمود خليل، ٢٠٠٩، ل٢) لە زمان و ئەدەبی عەرەبیدا بەرامبەر ئەدەبی ئیرۆتیكی هەردوو زاراوەی (الادب المكشوف) و (الايروتيكي) بەكاردەهێنرێ، فارسەكانیش زاراوەكانی (اروتیسم) و (تن كامگی) لە زمانی كوردیشد (د.مارف خەزنەدار) لە بەرگەكانی مێژووی ئەدەبی كوردیدا (شیعری كراوە) و هەندێ جاریش (ئیرۆتیك)ی بەكارهێناوە، بەڵام (پێشڕەوی سەید برایمی)یش وەكو خۆی دەڵێ (بۆ ئیرۆتیك من ڕووتەمەنیم بەكارهێناوە وەك زاراوەیەكی كوردی)(پێشڕەو سەید برایم، ٢٠٠٩، ل ١٦٣) بەڵام بەشێوەیەكی بەربڵاو زاراوە وەرگیراوەكە (ئیرۆتیك) بەكاردێت لەناو ئەدەبی هاوچەرخی كوردیدا .

لەبەر تێكەڵاوی ئیرۆتیك و سێكس لەگەڵ یەكتریدا، هەروەها دیدو بۆچوونی ڕەخنەگرانی ئەو بوارە لە چەندین گۆشەنیگاوە پێناسەی ئیرۆتیك كراوە .

(د.مارف خەزنەدار) وا پێناسەی ئەو جۆرە شیعرە دەكات كە ((شیعری كراوە بۆ بەڵگەی باسكردن و دەرخستنی شتومەكی شاراوەی ژن و پیاو بەئاشكرا بەكاردەهێنرێ، لەبەر ئەوەی لەناو كۆمەڵدا باسكردنی ئەو جۆرە شتانە شەرمە) (د.مارف خەزنەدار، ١٩٩٢، ل١٧) هەندێكیش وای دەناسێنن كە ئەدەبی ئیرۆتیكی لە چیرۆكی خەیاڵ و ڕاستەقینەی پەیوەست بە پەیوەندییە سێكسیەكان پێك دێت، بە ئامانجی وروژاندنی غەریزەی سێكسی خوێنەر (د.دەریا، د.هاوژین، ٢٠١٥، ل١٩) .

(Anna Gruda) لە پێناسەی ئیرۆتیكدا لایەنی جەستەیی و ڕۆحی ڕەگەزەكان فەرامۆش ناكات و یەكگرتنی هەردووكیان بە مەرج دادەنێ كاتێك دەڵێ : ((ئیرۆتیك یەكێتی گیانی و دەروونی دڵدارییە، بەدەنگەوە هاتنی یەكتری جەستە و گیانە)) (پێشڕەو سەید برایم، ٢٠٠٨، ل١٣) ، بەڵام (باتایلیە) لەو باوەڕەدایە كە ئیرۆتیك ڕووكردنە بەلایەنی ژیانی مرۆڤ و بەردەوام بوونی ڕەگەزەكان، بۆیە دەڵێت: ((ئیرۆتیك ڕێگەدان و پەسەندكردنی ژیانە تا مردن)) (س.پ، ل ٢٤) .

(مارینا)یش ئیرۆتیك دەكاتە بەشێك لە سێكس و دەیبەستێتەوە بە زمان و شیعرییەتی دەقەكە جوانییەك ببەخشێ تایبەت بێت بە سێكس (س.پ، ل ٢٥) .

بە بڕوای من ئەدەبی ئیرۆتیكی بریتییە لە نیشاندان و دەرخستنی پەیوەندییە سۆزدارییە قووڵەكانی نێوان ڕەگەزەكان لەگەڵ یەكتریدا، یا لەنێوان تاكە ڕەگەزیكدا، لە سنورێك كە بەلایەنی كەم پەیوەست بێت بە وروژانێكی سێكسی، هەروەها دووربێت لە توندوتیژی و لە نێویدا هەردوو لایەنی جەستەیی و ڕۆحی ڕەگەزەكان بەشێوەیەكی وا تێكەڵاو بووبن كە هەرگیز نەتوانرێت لەیەكتری جیا ببنەوە، جگە لەمانەش ئەو ئەدەبە هەستە

سێکسیەکانی خوێنەر بجوڵێنێت، چونکە ئەگەر ئەو ئەدەبە نەتوانێت کار لەو هەستانە بکات، بێگومان دەرچووە لە ئە رکە سەرەکیەکەی خۆی.

مێژووی ئیرۆتیك لە ئەدەبیاتی جیهانی و کوردیدا:

ئیرۆتیك وەکو پێشتر باسمان لە ڕەگ و ڕیشەکەی کردووە مێژوویێکی دوور و درێژیشی هەیە و بەرهەمێکی بێشوماری ئەم ئەدەبە لە ئەدەبیاتی جیهانیدا بوونیان هەیە .

لە ئەدەبی هیندی کۆندا دێرینترین سەرچاوە سەبارەت بە سێکس و ئیرۆتیك بەرچاو دەکەوێت، کە کتێبی کاماسوتر (Kama sutra)یە، (کاما) بەواتای (چێژ) و (Sutra) بەواتای (شێواز و سەلیقە) دێت، نووسەری ئەم کتێبە (ڤاتیسانا)یەو لە سەدەی سێیەمی زاینیدا ئەم پەڕاوەی نووسیوە (بڕوانە Kama sutra . Anne hopper, ٢٠١٦) کاماسوترا بەدرێژایی مێژوو کاریگەری جێهێشتووە لەسەر هونەرەکانی سیرامیك و وێنەکێشان و بەشەکانی ئەدەب، گرنگی ئەو کتێبە لە فێرکارییەکی کۆمەڵایەتیدا خۆی دەبینێتەوە (جیفری بارندەر، ٢٠١١، ل٦٤) .

کاما سوترا لە چەندین بەشی جیاواز پێکهاتووە، بەشێك لەمانە تایبەتە بە ئەدەب و شیعر، واتا باس لە هۆنینەوەی شیعر و غەزەل دەکات، ئەمەش لە ڕێگای چاندنی متمانە لەناو دڵی ئەو کچەی کە دەیەوێت دڵی پیاوێك بەدەست بهێنێت لەسەر دەستی کچێکی دیکەدا (س.پ، ل٦٣)، هەروەها لە سەدەی دوانزەیەمی زاینییدا شاعیری بەنگالی (جیادلڤا) بەزمانی سانسکریتی قەسیدەیەکی بەناوی (گیتا گۆڤیندا Gita govinda ) واتە (گۆرانیەکانی شوانی مانگا)ی نووسیوە، ئەم بەرهەمە وێنای مومارەسەی خۆشەویستی لای مرۆڤی خودایی بەزمانێکی سێکسی دەکات (س.پ، ل ٦٧) .

لە ئەدەبی یۆنانیدا ئیرۆتیك پێگەیەکی گرنگی هەبووە، هەروەك پێشتر لای ئەفلاتوون باسی لێوەکرا، تا ئەوەی گەیشتبووە ئەو ڕاددەیەی کە هونەرمەند و شاعیران دەستەیەك سۆزانی تایبەت بەخۆیان هەبووە بەناوی (یوتریدە) کە جوانترین و ناسکترین پۆلی سۆزانیەکانن و تەنیا خزمەتی نووسەر و هونەرمەندانیان کردووە (فازیل هییمەت، ٢٠٠١، ل ٧٤) هەروەها لە شیعرەکانیدا چەند شاعیرێکی دەست ڕەنگین و بەرهەم ناسك هەبوون کە لەو بوارەدا جێگەی پەنجەیان دیارە لەوانە (ساڤۆ) و (ئۆرۆپید)، بەتایبەت (ئۆرۆپید) کە شیعری زۆری لەبارەی توانا ئیرۆسییەکانەوە هۆنیوەتەوە(ویل دیورات،٢٠١١، ل١٠٥) ، پاشتریش ئیرۆتیکیەتی یۆنانی گوازرایەوە بۆناو ئەدەبیاتی ڕۆمانی و لەشێوەی گیانداری غەریزەدار و چێژی سادەی ڕووت و خۆشی و لەززەتی ئیرۆسی و شێواندنی ئەندامە سێکسیەکان تەنانەت چ ژووری خەوتنی قەیسەریش لێوان لێو بوو لە تابلۆی (سۆزانییەکان) کە هی نیگارکێشی یۆنانی (بارازیۆس)بوو (امال عواد، ٢٠١٣، ص٣).

هەرچی ئەدەبی عەرەبییە، ئەوا لەسەردەمی نەفامیدا و بەتایبەت لە شیعرەکانی (امرئ القیس) چەند قەسیدەیەکی ئیرۆتیکی بەرچاو دەکەون کە باسی لە کردەی سێکسی شاعیر دەکەن لەگەڵ دۆژمن کە یەکیان (عنیزە)ی کچە مامی بووە و قەسیدەیەکی (٨١) بەیتی بۆ پەیوەندیە سێکسیەکانی لەگەڵیدا نوسیووە(سەنگەر ناظم حسین، ٢٠١١، ل ١٣-١٤) ئەوەی تریش ژنێك بووە بەناوی (فاگمە) کە لەماڵەکەی خۆیدا چەندین جار سێکسی لەگەڵ کردووە و بەشیعر دەریبڕیووە .

لە کتێبیش کتێبەکەی (شیخ النفزاوی) بەناوی (الروضة العاطر في نزهة الخاطر) کە باس لە ئاداب و دابونەریتی سێکس و گەمە سێکسیەکان دەکات باشترین نمونەی ئەدەبی ئیرۆتیکە .

هەرچی فارسەكانن ئەوا چەند بەرهەمێكی نایابیان هەیە لە ئەدەبی ئیرۆتیكدا بەتایبەت لە كتێبەكانی (الفیه و شلفیه ، ناسخ التوارخ)دا، هەروەها شیعرەكانی (سوزنی، سمرقندی، سعدی، عبید، نڤامی، مهستی گنجوی، خاكشیر اصفهانی)دا ئیرۆتیك ڕەنگی داوەتەوە(ناصر غیاثي٢٠١٠ ،ص٢)

كە دێینە سەر ئەدەبی كوردیش، ئەوا پێویستە بەر لەهەر بەرهەمێك باس لە (مەم و زین)ی (ئەحمەدی خانی) بكرێت، لە مەم و زیندا دیمەنێكی جوانی ئیرۆتیكی نیشانداوە لەكاتی بەیەك گەیشتنی مەم و زین لەناو باخی میردا :

| | |
|---|---|
| چەشم و لەب و سینە و گردن و دوش | نۆشییان مەی دلتەری لە لیوان |
| روخسار و زەقەن برۆ و بنا گوش | نە ژمار هەبوو لەوی نە پیوان |
| یك ئیبكە بەدل یەك دەخوستن | كولم و چەن و لیو و سنگ و گەردن |
| هن بویه ددان و هن دگەستن | هەریەك دەم و دەستی بۆ دەبردن |
| روا نشنە لبید ژو مل یك تیهن | سەر بوونە گران لە سووكە ماچان |

كردن دكرن لییك و دوبیهن . (نەجات عەبدوڵلا، ٢٠٠٨، ل١١٥) هەر دەرد و كەسەر بۆ دادەپاچان (هەژار،٢٠٠٨، ٤١٨)

لەدوای ئەویش لە ئەدەبی كوردی كرمانجی خواروودا (قەسیدەی مەستورە كە حەسنا و ئەدیبە بەحیسابێ)ی (نالی) باشترین نمونەی شیعری ئیرۆتیكیە، هەروەها شیعری (دوێ شەبێ شەنبە)ی (مسباح بەگی دیوان) كە شوێن پێ هەڵگرتنی نالییە بەرهەمێكی ناوازەی ئەدەبی ئیرۆتیكی كوردییە، هەروەها (میرزا غەفور)یش شیعرێكی نایابی ئیرۆتیكی هەیە، جگە لە شیعری (خاتو شەیتان لەخەوا)ی (قانع)، كە هاوشێوەی ئەوانە لەخەودا باسی لە كردەوەی سێكسی و پرۆسێسەكە دەكات.

ئیرۆتیك و شیعریەت :

مەبەست لە شیعریەت بەشێوەیەكی بنەڕەتی بریتییە لە بەكارهێنان و تەوزیفكردنی سەرجەم ڕەگەزەكانی ئەدەب لەپێناو وەرگرتنی فۆرم و ناوەرۆكێكی ئەوتۆی بەرهەمەكە، كە بتوانرێت پێی جیابكرێتەوە لە بەرهەمیكی سەرزاری و نا ئەدەبی، یان ببێتە خاڵی جیاكەرەوەی نێوان قسەكردنی ئاسایی و زمانی بەرهەمی ئەدەبی .

پەیوەندی نێوان ئیرۆتیك و شاعیر بوون یاخود شاعیرێكی وەهایە دەتوانرێ بوترێ یەكەمیان بەریەككەوتنێكی شاعیرانەی جەستەیی و دووەمیشیان بەریەككەوتنێكی ئیرۆتیكی وشەییە، هەردووكیان لەبەرامبەری و هاوسەنگییەكی تەواودا دامەزراون (اوكتاویوپاز،٢٠١٥ ،ل٥) .

شاعیر لە ئەدەبی ئیرۆتیكیدا بۆ ئەوەی بگات بە ڕاددەی سەركەوتن و بتوانێت چێژێكی ئیرۆتیكی بگەیەنێتە خوێنەرەكەی، لەسەریەتی لە دوو ڕووەوە بەرهەمەكەی بنیات بنێت، یەكێكیان خەیاڵە، كە بەهۆیەوە سێكس و پرۆسەی سێكسی جوانتر و ڕووناكتر نیشاندەدات لەو واقیعەی كە خۆی هەیەتی، دووەمیشیان زمانە، لەنێو ووردەكاریەكانی زمانیش شاعیر پتر لە هەموویان پشت بە فەرهەنگی وشە دیاركراوەكان دەبەستێت، واتە شاعیر بەدوای چێژدارترین و سێكسیترین وشە بۆ ئیرۆتیك دەگەڕێ، تاوەكو بتوانێت چێژو غەریزەی سێكسی خوێنەر

بجوڵێنێت، ئەو دوو لایەنەی سەرەوەش ڕۆڵیان دەبێت لە بەیەکەوە گەیاندنی جەستە و دەروون، یا لایەنی ماددی و مەعنەوی ڕەگەزەکان .

هەروەها پێویستە شاعیر لە بەرهەمێکی ئیرۆتیکدا ئیرۆتیکیەتی شیعر پێش شیعری ئیرۆتیکی بخات، بە واتایەکی دیکە ڕازاندنەوەی دەرەکی وشەیی بەتەنیا نابێتە هۆی دروست بوونی ئیرۆتیکیەتی شیعر، لە مێژووشدا زۆرێك لە شیعر هەن کە ئیرۆتیکیەتی شیعریان ناولێناوە نەوەك قەسیدەی ئیرۆتیکی، لە بەرامبەریشدا چەندینن شیعر هەن کە بریتین لە ئیرۆتیکیەنی شکڵ و شێوە، ئەوەك ئیرۆتیکیەتی شیعر (مهدی نصیر، ٢٠١٢، ل٢) بە ئیرۆتیك بوونی شیعر تەنیا لە ڕووخساردا نایەتە ئاراوە، بەڵکو لە تێکڕای ئەو خاڵانەی سەرەوە دروست دەبێت کە باسمان کرد.

جۆرەکانی ئیرۆتیك:

ئیرۆتیك بە گەلێ چەشن و شێوە دابەش و پۆلین کراوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆر یا دوو شێوەی ناسراو بەرچاو دەکەون، ئەوانیش بریتین لە ئیرۆتیکی ڕۆحانی خەلوەتی و ئیرۆتیکی ئازاد (سێکسی) هەردوو جۆری ئیرۆتیك بەرهەمهێنانی منداڵ ڕەتدەکەنەوە و نیشانەی هەوڵ لەلایەنی ڕزگاری و ئازادی تاکەکەسی بەرامبەر دنیای ناتەواو و نابەرجەستە و غەیرە واقیعی بە تویکڵیانەوە دیارە (بهروز صفدری، ٢٠١٥، ل١٢) .

هەردوو جۆری ئیرۆتیك بریتین لە دوو دیاردەی ناکۆمەڵایەتی، بەو واتایەی کە هەم خەلوەت نشینی و هەمیش سێکسی ئازادە لەناو زۆربەی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتیدا ڕەت دەکرێنەوە، بەڵام سەرباری ئەوەش هەردوو لایەن بۆ ئازادی هەوڵدەدەن .

**بەشی دووەم:**

**ئیرۆتیك لە شیعری قوبادی جەلیزادەدا :**

لە ژیانی هەر پیاوێکدا مێینەیەك، یا چەند مێینەیەك بە ئاشکرا یا پەنهان خۆی حەشارداوە، چ جای ئەگەر پیاوێکی شاعیریش بێت، چونکە هەرچەندە پیاو سیستەمی پیاوسالاری هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدابن کە ژن لەلایەنی کۆمەڵایەتی و بوارەکانی دیکە بسڕێتەوە، بەڵام ناتوانن لە هزری خۆیدا بیسڕێتەوە و لێی ڕابکات، بەڵگەش لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواد ئەو بەرهەمە زۆرەی چیرۆك و شیعر و ڕۆمانە کە لەبارەی ژنەوە نوسراون (د.نوال السعداوی، ٢٠٠٦، ١٠٨-١٠٩) .

بێگومان دۆزینەوە و ئاشکراکردنی وێنەی ژن لای شاعیر و هونەرمەند، ئەرکێکو دەرونزانی نەست (علم النفس اللاشعور) ئەنجامی دەدات لەبەرئەوەی ڕەنگە لە دیوە ئاشکراکەی ڕەخنەگر نەتوانێت پەی بەو لایەنە ببات، ئەمە هەندێجار سەبارەت بە دیوە دەرەکیەکەی ژیانی نوسەریش هەر ڕاستە هەروەك (دراگۆلدیس) لەبارەی پەیوەندی نێوان داهێنانی ئەدەبی و نەستی نووسەری باوەڕی وایە کە دەرونزانی نەست داهینانی هونەری لە هەموو دیمەن و بارەکانیدا ئاشکرا دەکات، چونکە ئەو لایەنانە شتێك نین جگەلە دیاردەیەکی بایۆلۆژی دەروونی، یا قەرەبووکردنەوەیەکی قورسی ئارەزووە غەریزییە بنەڕەتییەکان، کە شاراوەن بەهۆی سزاکانی جیهانی دەرەکی و ناوەکی (د.سامی الدروبی١٩٧٢، ص٢٢٩) بێگومان ئیرۆتیکیەت و ڕووتیش پەیوەستن بە غەریزەی سێکسیەوە لای مرۆڤ، کە لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا تا ئەمڕۆش بە ئازادی ناتوانرێت گوزارشتیان لێبکرێت، بەهۆی ئەو کلتورە بۆماوە نێرسالارییەی، کە باڵی کێشاوەتە سەر تەواوی ژیانی ڕەگەزەکان بەگشتی، بەڵام ئەوە بۆ شاعیرو نووسەر

شتیکی دیکەیە، چونکە ئەوان لە ڕێگای داهێنانەکانیانەوە هەوڵدەدەن نەستیان خاڵی بکەنەوە لە چەپێنراوەکان بەتایبەتیش سێکس، بەمەش خۆیان ڕزگار دەکەن لەو گرێ دەرونیانەی هەیانە، یا بە ووتەی ئەرستۆ بە ئەرکی پاکژکردنەوەی دەروونی خۆیان و ئەوانیتر هەڵدەستن .

کە دێینە سەر باسی ئیرۆتیك لە شیعری قوبادی جەلیزادەدا، پێویستە ئەوە بڵێین کە شیعری قوبادی جەلیزادەنموونەی بەرزی ئەدەبی ئیرۆتیکایە و ئەو لەبواری نووسینی ئەو جۆرە ئەدەبەدا دەستپێشخەریەکی هێندە بوێرانەی کردووە، بەهەق پێش زەمەن و کۆمەڵی خۆی کەوتووە (حەمە سەعید حەسەن، ٢٠١٥، ل٢٢ ) قوباد یەکەم کەسێکە لە ئەدەبی کوردیدا سروشتی ژن و دیوە شاراوەکانی چێژی جەستەیی و دەروونی پێکەوە کۆبکاتەوە، هەرچەندە زۆربەی شاعیرانی پێش خۆشی توانیویانە جەستەی ژن بکەنە کەرەسەی داهێنان و هۆنینەوەی شیعر، بەڵام نەیانتوانیوە بەسەر تەواوی پەیژەکانی ژیان و نهێنیەکانی لایەنەکانی ماددی ڕۆحی ژن سەرکەون، ئەو وەکو خۆی دەڵێت لەڕێگەی جەستەی ژنەوە بەدوای خالقێکا ئەگەڕێ و تەنیا جەستەی ژنە کەوای لێدەکات بەردەوام لەدوای ئەو نەناسراوەدا بگەڕێ (ڕێزان صالح، ٢٠١٠،چاوپیکەوتن لەگەل قوباد) لەو ڕێگەیەشەوە بارودۆخی ڕۆحی و جەستەی ژن ڕزگار دەکات لەو نەریتە کۆنەی کە پێشتر تیایدا بووە، هەروەك چون ئازادیەکی ڕهاش لە هەردوو ڕووی جەستەیی و ڕۆحیەوە دەبەخشێتە ژن .

ئەمەش لەبەر ئەوەی ئیرۆتیزمی نوێ وەکو جیهانی مۆدێرن پەڕینەوەیە لە عەشقی ڕەها ئەخلاقیاتی پیرۆزی لاشە و پەیوەندیە سێکسیەکان بەڕووی پەسەندی نەمری خود و ئارەزووی دەست گەیشتن بە خۆزگەی عیشقی و سێکسی فانی لەم ڕۆژگارە ماددیەدا (داریوش برادری، ٢٠١٣ ،ل٢١) ، قوبادی جەلیزادە داهێنانی خۆی لە جەستەی ژندا دەبینێتەوە، جا ئەو ژنە هەر جۆرە جۆرێك بێت لە جۆرەکانی ژن گرنگیەکی ئەوتۆی نییە، تەنیا ئەوە نەبێت کە لە ڕێگەی جەستەی ژنەوە هێزێکی هونەری زۆر گەورە بەدی دەکات، کە هەمیشە تووشی سەرسوڕمان و ڕامانی دەکات، جەستەیەکی نازداری ژن وای لێدەکات بیر لە هونەرێکی یەکجار گەورە بکاتەوە (ڕێزان صالح، ٢٠١٠،چاوپیکەوتن ) ئەو داهێنانەش بەستراوەتەوە بە ئازادی، واتە ئەو لەو باوەڕەدایە کە ڕووتی جۆرێك لە ئازادی دەبەخشێتە شاعیر، کە لە دیمەنەکانی دیکەی ژیاندا ئەو جۆرە ئازادسسە بوونی نییە، یاخود هەستی پێناکرێت هەروەك خۆی لەو بارەوە دەڵێت: ((کارکردن لەسەر جەستەی ژن و حەرامەکان واتە ئازادی تاکە کەسی، چونکە پێچەوانەی (تیار)ەکەی کۆمەڵ دەڕوات، ئەمەش ماسییە ئازاد و زیندووەکانن، کە پێچەوانەی تیار دەڕۆن، ماسییە مردووەکانیش لەگەڵ تەیار دەڕۆن)) (قوباد، بەرنامەی دیدگا) ئەمەش بریتیە لە جۆرێك لە ڕووبەڕوبوونەوەو پەسەندکردنی ئەو کلتورەی کە کۆمەڵ پەسەندی دەکات، کە لە بنەڕەتدا خۆی لە پابەندبوون و تابۆکارییەوە دەبینێتەوە، بۆیە شاعیر هەوڵی بەزاندنی سنورە تابۆکان دەدات و شۆڕدەبێتەوە بۆ ئەو دیمەنانەی کە لەناخی زۆرینەی گەل هەیە، بەڵام بەهۆی لەمپەری کلتوری کۆمەڵایەتیەوە ناتوانرێت دەربڕێن، لەو ڕێگایەشەوە وێنەی شیعری قوباد جۆرێکە لە ئازادکردنی جەستەیی و ڕۆحی ژن، نەك بەواتای سۆزانی بوون بەڵکو بەو واتایەی کە ڕزگارکەربێت لەو کلتورە، بێگومان لەمەشدا پێشت گشت شاعیرانی سەردەمی خۆی کەوتووە، چونکە لەڕووی وێنەییەوە (کە شیعرەکانی زیاتر وەك وێنەی کامیرای خەیاڵی) خۆیان زیاتر دەنوێنن زۆرترین بوێری بەدەست هێناوە و وێنەی وای خوڵقاندووە، کە پێشتر لە شیعری کوردی هەستی پێنەکراوە، یا گوزارشتی لێنەکراوە ئەو قسەیە سەبارەت بە زمانیش هەر ڕاستە، چونکە لە فەرهەنگی شیعری قوبادی جەلیزادەدا، وشەگەلێکی زۆر هەن کە بە زەحمەت دێنە ژماردن، ئەو وشانە پێش ئەو لە شیعری کوردیدا نەبوون

(حەمە سەعید حەسەن، ٢٠١٥، ل٢٢ ) جگە لەمانەش قوباد شارەزایانە توانیویەتی ئیرۆتیکیەتی شیعر پێش شیعری ئیرۆتیکی بخات، بەو واتایەیی دیمەن و وێنەکان کرۆکی گشتی ئیرۆتیکیەتن لای قوباد، کە لە چەندین گۆشەنیگای ڕۆحی و جەستەیی جیاوازەوە لێیان دەڕوانێت، نەوەك زمان ببێتە ئامرازی سەرەکی ئیرۆتیك، بە واتایەکی دیکە لە ئیرۆتیکیەتی قوباددا وێنە و ڕوانین پێش فۆرم و شێوەی دەرەکی شیعرەکان دەکەون و ئەوسا زمان خۆی بەدوایانەوە دێت، کە بەگشتی لەو دیوانەدا و لە بەرهەمەکانی دیکەی شاعیریشدا بریتییە لە زمانێکی سادەی قووڵ، بێ ئەوەی مرۆڤ توشی بێزاری ڕەوەینەوە بکات .

هەروەها دیسان قوبادی جەلیزادە، شارەزاییەکی تەواوی هەیە لە سنوری شیعرەکەی خۆیدا، چونکە لە شیعری ئیرۆتیکدا هێڵێکی باریك هەیە، ئەگەر شاعیر ئاگادار نەبێت لەو هێڵە باریکەدا، ئەوا شیعرەکەی لە ئیرۆتیکەوە بازدەدات بۆسەر پۆڕنۆگرافی (تەرزە جاف، ٢٠١٥، ل١/٢٨) .

لایەنێکی دیکەی جیاکەرەوە لە ئیرۆتیکیەتی شیعری قوباددا لەو خاڵە ڕوون دەبێتەوە، کە شاعیر بە پێچەوانەی زۆرێك لەوانەی لەبارەی ئیرۆتیکەوە دەنووسن، بینای ئەندازەیی جەستەی ئافرەتی فەرامۆش نەکردووە، واتە تەنیا نیزی کامیرای شیعری چڕ نەکردۆتەوە لەسەر ئەندامە سەرەکیەکانی زاوزێی ژندا، بەڵکو دەستی گەیشتووە بەسەر تەواوی کەلێنە تاریکەکانی ئەو جەستەیە، تەنانەت (قومپانی – بنی پێ) و (تووکە بەر) و (سانتی) و (خوێنی کچێنی)یشی داوەتە بەرباس، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە جەستەی ژن لای قوباد بەتەواوی وردەکاریەکانیەوە شتێکی پەسند و جوانە، هەتا ئەوەی کە خەڵکانی دیکە بێز لە هەندێ شوێن دەکەنەوە، نەك بیخەنە چوارچێوەی شیعر، بەڵکو بەسەر زاریش باسی لێوە بکەن، یا لە خەیاڵیاندا بجوڵێتەوە، هەروەها سەرباری ئەمانەش هەندێجار قوباد دەبێتە کەسایەتیەکی (فیتیشتی) ئیرۆتیکی، کە لە بنەڕەتدا بریتیە لە هەست و چێژی سێکسی و تایبەتی کەسێك بۆ کەلوپەلە دیاریکراوەکانی ژن و هەڵوێستە دیاریکراوەکان و جلە دیاریکراوەکانی ژێرەوەی ژنان وەکو (مایۆ – دەرپێ – ستیان – ستراب – کۆڵۆن – ژێر کراس ...) (اسعد الامارە، ٢٠٠٥، ع ١٣٢٤) قوباد چێژ وەردەگرێ لە باسکردنی جلە وروژێنەرەکانی ژێرەوەی ژنان و کەلوپەلەکانی جوانکاری تایبەت بەژنان لە نمونەی (سوراو و سپیاو و ماسکارە) هەروەها ڕەنگ شوێنێکی دیکەی تایبەتی دیاریکردووە لە شیعرە ئیرۆتیکیەکانی قوباددا، شاعیر ڕەنگە وروژێنەرەکانی وەك سوری کاڵ، یاخود مۆر لە زۆربەی شیعرەکانیدا بەکاردەبات، کە جۆرێك لە وروژاندنی سێکسی بە خوێنەر دەبەخشن کەم تا زۆر لە ڕەنگەکانی دیکەدا بوونیان نییە .

لە ناوەرۆکی دەقیشدا شاعیر ئەو مێینەی باسی لێوە بکات لە شیعرەکانیدا هەمیشە مێینەیەکی ژنە، زۆر بە دەگمەن ئەو سنوورە تێدەپەڕێنێ بۆ کچ، هەروەها ڕووتی سروشت تێکەڵ بە ڕووتی ژن دەبێت، ئەم خاسیەتە سنورێکی فراوانی شیعرە ئیرۆتیکیەکانی شاعیر پێکدەهێنێت، وێڕای ئەوەی هەندێجار ئاژەڵ بە نمونەی (سەگ و پشیلە) تێکەڵ بە دەقەکان دەبن و شاعیر تەمەننایان پێدەخوازێت، لەوەشەوە ڕوون دەبێتەوە، کە ئیرۆتیکیەتی قوباد هەرگیز تاك لایەنانە نییە، چونکە لە دەگمەنترین کاتی پەیدا نەبوونی نێرینەشدا، شاعیر ئاژەڵێك دەکاتە هاوەڵی مێینەیەك و خۆزگەی پێدەخوازێت، کە لەسەر جەستەی ژنێکدا خەوی لێکەوتووە، یا لەگەڵیدا دەچێت بۆ حەمام .

لەگەڵ ئەوانەشدا دیاردەی نەشوەی سێکسی (ئۆرگازم) کە دا ترۆپکی چێژی سێکسی ڕەگەزەکانە ئەو کۆتا هاتنی پرۆسەی جووت بوونە، لە شیعری قوباددا کەم بەرچاو خراوە، تەنیا لە شیعرێك نەبێت، ئەگینا لەو دیوانەدا

ئەوە ڕووە نابینرێت، بێگومان ئەوەش خوێندنەوە و زانینی هەست و چێژی سێكسی خوێنەرە، چونكە هەرگیز بە نیشاندانی دیمەنی كۆتایی پرۆسەكە چێژ .

ئیرۆتیك لە دیوانی (چاكەتێك لە كۆنە دەكرم)ی قوبادی جەلیزادەدا : ئەگەر بمانەوێ بەوردی باس لە ئیرۆتیكیەتی شیعری شاعیر بكەین، پێویستە هەڵوەستە لە سێ لایەن بكەین ئەوانیش بریتین لە:

**١. ئیرۆتیكای دەرەكی یا ماددی .**

**٢. ئیرۆتیكای دەروونی یا ڕۆحی .**

**٣. ئیرۆتیكای فیتیشتی یا ئیرۆتیكای جل و بەرگ .**

ئیرۆتیكای دەرەكی یا ماددی : مەبەست لەو جۆرە ئیرۆتیكایە نیشاندانی ئەندامەكانی جەستەی ژنە بەڕووتی، یا نیمچە ڕووتی، كە بەشێوەیەكی گشتی خۆی لە ئەندامە وروژێنەرە سێكسیەكان دەبینێتەوە و دەتوانین بەو شێوەیە پۆلێنی بكەین :

**١. جەستە بەگشتی :**

لێرەدا شاعیر بە ووردی باس لە جەستەی ژن دەكات و نایەتە سەر باسی ئەندامەكان واتە جەستەی ژن دەبێتە یەكەیەكی گشتی هەروەكو لە شیعری (ڕووت بوونەوەی ئاو لە هەموو ڕەنگێك)دا ئاماژەی بۆكراوە :

لەشی چەپكێك مۆمی خودایی بوو، لە تاریكیدا دەبریسكایەوە
ئەو هەموو تالە تیشكە چبوو بە لەشی من و دیواری ژوورەكەدا
هەڵدەگەڕان
لەتە ئاوێنەیەكی دامێ، بچووك بەقەد ناولەپی فرمێسك
تیایدا، بەهەشت ڕووت و ڕووت، لەسەردەم پاڵكەوتبوو
من بۆنم بە پشت و كەمەری گوڵەكانەوە دەكرد
لە هەموو درزێكی لەشیدا، شووشە عەترێك ڕژابوو
نەمامێكمان، لە چەمكێكی تەڕ و پاراودا، ناشت
ئەو بە بریقەی گێلاس، دەروازەی بۆ واڵاكردم .    (ل٢٤٦)

لەم شیعرەدا جەستەی خۆی و جەستەی ئەو ژنە، ناوی نەهێنراوە یەكدەگرن، هەروەها شاعیر ئەوەندە ناچێتە ناو وردەكارییە چێژینییەكانی جەستەوە، بەڵكو بەلایەوە كیانێكی سەربەخۆی پارچە نەكراوە .

**٢. ئەندامەكان :**

مەبەست لەو جۆرەدا ئەوەیە كە شاعیر لە شیعرەكەیدا هەموو جەستەی ژن، یا جەستەی خۆی باس ناكات، بگرە تەنها یەكێك یا دووان باس دەكات و لەسەری دەڕوات ئەمەش بەووردی دابەش دەبێت بۆ ئەمانەی خوارەوە .

**أ- شان و مل :**

شان و مل لە شیعرە ئیرۆتیكیەكانی قوباددا جێگەیەكی گرنگیان هەیە و زۆرە .

شاعیر لە سەرەوەی جەستەوە شۆڕدەبێتەوە بەرەو ئەندامە چێژ بەخشەكانی جەستەی ژن، هەندێ جاریش بە پێچەوانەوە ئەم كارە دەكات :

ناو لەپی ئەو ژنە

پێدەشتی مەندیلانە

پەنجەکانی دەکەڵە نێرگز

پشتی تافگەیەك لە نوور

شانەکانی دوو لوتکەن، لە بەفری پەمەیی(١٥٣)

شاعیر لە شیعرەکەیدا خولانەوەیەکی جەستەیی دروست دەکات بە دەوری ژندا، هەروەك دیارە لەناو لەپیەوە هەڵدەکشێ بۆ نێرگزی پەنجەکان، ئینجا وەردەگەڕێتە ئەو دێوەوە و شانەکان بە دوو لوتکەی سەخت دادەنێ، کە بەفری پەمەیی لەسەر باریبێ .

**ب- . پشت :**

لەشیعری (ئاو پەنجەکانت دەلێسێتەوە)دا ، قوباد دوو وێنەی پشتی ژن دەکێشێت کە وروژاندنێکی لە ڕادده بەدەریان دێدایە و لێوان لێون لە جوانی ئیرۆتیکی :

لەناو لمی کزردا

لەسەردەم، پاڵکەوتی

تیشك

بە پەنجە نەرمەکانی

شان و ملی شێلای

کە هاتیتە سەر پشت

مەمکەکانت

دوو ڕەوەزە مەرجان بوون

وردە وردە ڕۆیشتی ....

دلۆپ دلۆپی ئاو ،

بە تاڵی قژتەوە

زەنگوڵی ئاواز بوون ،

بەسەر پشت و نەرمایی سینگتا،

گلۆر دەبوونەوە .(ل١٧٤)

لەم شیعرەدا شاعیر جەستەیەکی جوڵاو لە سێ وێستگە نیشان دەدات یەکەمیان پاڵکەوتن لەسەدەم کە تیشکی خۆر شان و ملی بە ڕووتی ژنەکە کەوتووە، دووەمیان کاتێك ڕووی خۆی وەرگێڕاوە و پشتی کەوتۆتە سەر لمەکە لەسەرەوە وێنەی گیراوەکە مەمکەکانی بەدەرەوە وەکو دوو ڕەوەزی مەرجان وان، سێیەمیان هەڵسانەوە و ڕۆیشتنی ئەو ژنەیە، کە هێشتا ئاوی دەریاکە خلۆر دەبێتەوە بەسەر پشت و سینگیدا، لە وینەی دووەمی کە لە پشت دواوە ڕوونتر و سێکسی ترە لەوەی یەکەم، چونکە ئەمجارەیان پشت نەنووساوە بەلم بەڵکو وەکو ئامێرێکی مۆسیقایە بە دەرەوە و تاڵە ژێکانی پرچ و دلۆپە ئاوەکانی دەریا بە ڕوویدا دێنە خوارەوە .

**ت- لێو :**

لێـو وەكـو ئەنـدامێك یـا شـوێنێكی جەسـتەی ژن ناوەنـدێكی گرنگـی چێژ وەرگـرتنی پیاوانـە، لەبـەر ئـەوە نیشاندانی لێوەكان لە شیعری قوباددا پایەیەكی بـەرزیان داگیركـردووە، لـە شـیعری (مـووە ئاڵتونیـەكانی بـن باڵی ژنێك) شاعیر لێوێكی سواغدراو بە سووراو دەخاتە ڕوو :

شەو
لێوی بە كلێنیكسەكە سڕی و
خستیە ناو سەلەی زبڵەكە
بەیانی ،
ببو بە ئینجانەیەك گوڵی سوو .       (ل٧٥)

لێوەكانی ژن لای قوباد ساحیرێكن دەتوانن كەلوپەلێكی ماددی وەكو سوراو بگۆڕن بۆ بونەوەرێكی زیندووی وەكو گوڵ لەماوەی چەند كاتژمێرێكدا، هەروەها شاعیر گرنگی دەدات بە كلێنێكسێكی فڕێدراوی ژن، كە لە ڕاسـتیدا لـە واقیع شتێكی فەرامۆشكراوە، بەڵام لای ئەو جـوانترین وێنـەی وروژێنـەری لێدروسـت دەكرێت، چـونكە ژنێـك لـە شەودا لێوەكانی پێ سڕیوەتەوە .

**ج-ڕوومەت :**

لە شیعری (بەفر)د قوباس باسی لە ڕوومەتەكانی ژنێك دەكات كە لە گەرمیەكی ڕاددە بەدەر دەدات :

سبەی دەبم بە بەفر ...
ژنێك شوێن پێی ،
وەك شوێن پەنجە سوێسكە
بەسەر لەشمەوە جێدێڵێت
بەردەبێتەوە باوەشم
ڕوومەتی گەرمی دەخاتە سەر سینگم ،
وردە
وردە
دەت
وێ
نە
وە !                    (٣٧٤-٣٧٥)

جەسـتەی شـاعیر لـەم شـیعرەدا بـەفرێكی ڕاكشـاوی زەوییـە چـاوەڕێ دەكـات ژنێـك بێـت و شـەڕە تۆپـەڵ بكـات لەسەریدا، تا گەر هیچ نەبێ جارێ بخلیسكێ و بكەوێتـە نـاو باوەشـیەوە بـۆ ئـەوەی بەگـەرمی ڕوومەتـەكانی ئـەو دوو قۆڵە بتوێنێتەوە كە لە باوەشی گرتوون .

شاعیر لەو وێنەیەدا دوو شتی دوور و جیاوازی لەگەڵ یەكتریدا كۆكردۆتەوە، یەكەم جەسـتەی شـاعیر كـە بـەفر و سارد و سڕە، دووەمیان ڕوومەتەكانی ژنێك كە گەرمی بەخش و توێنەرەوەن، بەڵام لەگـەڵ ئـەو زیادەشـدا هێشـتا چێژێكی سادیستی دەبەخشن بە شاعیر .

**چ- پەنجە :**

قوباد لە هەندێ شیعریدا پەنجە وەکو ئامرازێکی دەربڕینی خۆشەویستی و سۆزداری سێکسی باس دەکات، کە ژن بەکاریان دێنێت بۆ وروژاندنی جەستەی پیاو:

ژنێك
پرچە سپیەکەمی خۆشدەوێ،
تاڵ تاڵی لە پەنجە لووسەکانی خۆی دە ئاڵێنێت و
ماچی دەکات .          (١٣٢)

پەنجە لووسەکانی ژن لەم شیعرەدا ئاماژەیەکن لەپێناو دەربڕینی سۆز و جوڵاندنی هەستی نێرینەیی و نیشاندانی خۆشەویستی، پەنجەکانی ژن لەم شیعرەدا شانەن بۆ تاڵ تاڵ کردنی پرچی پیاوێك، هەروەك چۆن شانە دەمی دەگەیێنێتە تەواوی تاڵە قژەکانی مرۆڤ، ئەویش بە هەمان چەشن بەو پەنجانە دەیانگرێت و ماچیان دەکات .

**ح-ڕان :**

ڕانەکان ئەو ئەندامانەن کە زۆرترین ئەندامە وروژێنەرەکانی جەستەی مرۆڤیان پێوە لکاوە، لەبەر ئەوە لە شیعردا وەکو ئەندامێکی وروژێنەر و ئیرۆتیکی تیشکیان دەخرێتە سەر و لای قوبادیش ڕان بە چەند جۆرێك قسە لە بارەیەوە کراوە :

من و با
لە یەك کاتدا دەخەوین
ئەو ،
سەردەکات بە قۆڵی درەختێك
من ،
سەر بە ڕانی ژنێك .          (١٤١)

لەم شیعرەدا شاعیر دەرنەچووە لە ئەدەبیات و کلتوری کوردیەوە، چونکە لە فۆلکلۆری کوردی و ئەدەبیاتی کلاسیکی زۆربەی کات ئەو وێنەیە دووبارە کراوەتەوە کە نێر سەردەکات بە ڕانی ژن و دەکەوێتە خەوەوە، بەڵام خەوی قوباد هەمان خەو نییە، بەڵکو خەوێکی پڕ لەززەت و چێژ وەرگرتنە لەسەر ئەو ڕانە، خەوێکە دوای ماندووبوونی بەدەست ژنەوە هاتۆتە کایەوە، لە شیعرێکی دیکەدا قوباد لە ڕێگەی بەرجەستەکردنی ڕووەکەوە ڕان وەکو ئەندامێکی  چێژاوی دەخاتە ڕوو :

پەلکە وەریوەکان، لەسەر پشت ڕاکشاون
نا درۆ دەکەن نەنووستون
دەستیان لەناو لینگیان دایەو
ژێر بە ژێر
چاویان بڕیوەتە ڕان و دەرپێی درەختە خەواڵوەکان . (ل٢٧٨)

**خ- پێ :**

لە شیعری ئیرۆتیكدا پێیەكان ئەندام گەلێكن كە بەهاو چێژێكی سێكسی دەبەخشن لەكاتی ڕووتیدا، بۆیە شاعیری ئیرۆتیكی ناتوانێ دەستبەرداریان بێت، قوباد دیمەنی لێستنەوەی پەنجەكانی پێی ژن لە شیعرەكانیدا دەگەیەنێت بە خوێنەر :

دەریا خۆی قڕكردووە

لەبەر دەمتا بوو بە گۆمێكی شین شین

ماسییەكانی لە تینوێتی بەجێ هێشت

بە زمانە تەڕەكەی

نێوانی پەنجەكانی پێتی

دەلێستەوە

دەریا

بوو بە گۆڕستانی ماسیەكان . (١٧٣)

بێگومان نێرینە لەپێناو چێژی سێكسی ئامادەیە تەواوی كوون و كەلەبەرەكانی جەستەی ژنە بلێسێتەوە لێستنەوەی ئەندامەكانی ئافرەت بۆ پیاو هاندەرێكە بۆ باشتر بەڕێوەچوونی پرۆسەی سێكس، بەڵام قوباد نایەوێ ڕاستەوخۆ بچێتە ناو ئەو كردەیەوە، بەڵكو لە ڕێگای شەپۆلی دەیایەكەوە، كە ڕەمزی نێرینەیە هەوڵدەدات بگاتە نێوان پەنجەكانی پێی ئافرەت و كەلێنەكان بلێسێتەوە، بەزمانی پڕ لە ئاوی تامەزرۆیی .

لە شیعرێكی دیكەدا، قوباد وەسفی پێیەكانی ژنێك دەكات :

پێڵاوەكانت فڕێدە

با گوێم لە باڵە فڕكەی

ئەو دوو كۆتر، باریكە بێت

یەكە یەكە

پێیە سپیەكانت، بخەرە سەرڕانم

نینۆگەكانت دەكەم ،

كە تازە چرۆیان كردووە

نینۆك نین، پەڕەی گوڵی ناز نازن . (١٩٤)

پێیەكانت،

لەدەستی منداڵێكی ساوا دەچن

كە لەوەختی شیر نۆشینا،

بەسەر مەمكی دایكێكەوە،

كپ كپ،

خەویان لێدەكەوێت . (١٩٥)

شاعیر ئاوات دەخوازێ بەوەی كە ژنێك پێڵاوەكانی لەپێ بكاتەوە، بۆ ئەوەی ئەو دوو كۆترە باریكە بفڕن و بەرەو لای بێن و بێنێتە سەر ڕانی، هەر هیچ نەبێت، ئەو نینۆكانەی بكات، كە وەك پەڕەی گوڵی ناز ناز ناسكن، یا

وەکو دەستی بچووکی منداڵێکی ساوای شیرە خۆرە لەناو باوەش و بەسەر مەمکی دایکیەوە خەوی لێکەوتبێت، شاعیر پێی ژن بە نیشانەی پاکی و جوانی دەزانێ، چونکە دەیچوێنێ بە منداڵی ساوا،ئەمەش لە بنەڕەتدا ئەو پەڕی خۆشویستن و تامەزرۆییە بۆ هەستەکانی ژن، کە پێشتر تەنیا گرنگی بە ئەنداميکی تايبەتی دراوە لەنێو ئەو کۆمەڵگا نێر سالاریەدا .

**د-سك:**

سك وەك شوێنێکی چێژ بەخش کە کەوتۆتە نێوان ئەندام و هەستە سێکسیەکانی خوارەوە و سەرەوەی بینای جەستەیی ژنەوە، قوباد کەمتر لەوانیتر سکی لە شیعرەکانیدا نیشانداوە، لە شیعری (گوندی ئەڵمانی)دا ، بە ڕوانینێکی سەرپێیانەوە سەیری سکی دوو ژن دەکات و لێیان دەڕوانێت، بەڵام ئەم جارە ئەو سکەی قوباد باسی دەکات دیمەنێکی پۆزەتیفی نییە، کە هیچ چێژێکی کرۆکیان تیادا بەدی ناکرێت .

دوو بەرخی قەڵەو

بە نەرمە غار ڕەت دەبن

بەرخ نین دوو ژنی قەیرەن

وەرزش دەکەن

لە دووگ و ورگی زلیان

بێزارن .      (٢٥٥)

**ز-سمت :**

لە شیعرە ئیرۆتیکیەکانی قوبادا سمت شوینێکی هەستیاری وەرگرتن و بەخشینی چێژی سێکسی پیاوە، قوباد شارەزایی تەواوی هەیە و دەسەڵاتی شکاوە بەسەر ناسین و وەسفی ئەو شوێنەوە، بەلای ئەوەوە سمت کانییەکی پڕ لە نوورە، هەروەك لە شیعری (مووە ئاڵتوونیەکانی بن باڵی ژنێك)دا وەسفی واکردووە :

هەزار شوشەی خنجیلەم کۆکردۆتەوە ..

کە ئەمجارە ڕووت بوویتەوە،

پڕیان دەکەم ،

لە بریقەی پشت و

لە نووری سمتت .      (٧٦)

لە شیعرێکی دیکەدا سمتی ئافرەت دەبێتە لەوحی نووسینی شیعرەکانی شاعیر :

ئەو ژنە

چاوەکانی پڕن لە ڕەشەبای ترس

مەیت شۆر بە ئاسانی دەیناسێتەوە

لەسەر سمتی چەپی، دیڕە شعرێکی منی،

کردووە بە تاتو .   (١٦٥)

شاعیر لە شیعری (مانگ)دا جۆری ئەو سمتە دەستنیشان دەکات کە خۆی حەزی پێدەکات :

چۆتە پشتی گەواڵە هەورێکی نارنجیەوە

من دەڵێم ڕەنگە،

به باران خۆی بشوات
یا ، جل بگۆڕێت،
یاری به مه‌مكه‌كانی بكات
چووبێته به‌ر ئاوێنه و
بڕوانێته
سمته خڕ و خۆڵه‌كانی .          (١٨٤)

**ژ-له‌پ :**

له‌پ دیوی ناوه‌وه‌ی ده‌سته‌كان پێكدێنن، له شیعری قوبادا ئه‌و شوێنه‌ش وه‌كو هه‌ر جێگه‌یه‌كی دیكه مایه‌یی چێژ وه‌رگرتنه شاعیر له شیعرێكدا به ووردی وه‌سفی ناو له‌پی ژنێك ده‌كات، كه هه‌ر به سروشتی خۆی ناو له‌پی مرۆڤ جۆره تامێكی سه‌یری هه‌یه، ئه‌و تامه‌ش لای شاعیر پیرۆزی خۆی هه‌یه و گرنگه به‌لایه‌وه :

كه قۆڵ و باسكم به رسیله ده‌گرن
ئاو له ده‌میدا ده‌زێ
به لیك ته‌ڕم ده‌كات و
به ورده خوێی ناو له‌پیه‌وه
ده‌م كرۆژێت .          (٣٧٣)

شاعیر خۆی به سیله‌یه‌ك ده‌چوێنێ كه له هاویندا لیك له ده‌می مرۆدا ده‌ته‌زێنێ، به‌ڵام یار به‌ناو له‌پی ناسكیه‌وه، كه به‌هۆی عاره‌قیه‌وه سوێریه‌كی پێ به‌خشراوه لێیده‌كاته‌وه و ده‌یكرۆژێت تامێكی خۆشی لێوه‌رده‌گرێت .

**س-ناوك:**

ئه‌مه‌ش چالاكیه‌كه كه‌وتۆته به‌شی خواره‌وه‌ی سك و كه له‌نێوان ئه‌ندامی زاوزێ و سكه‌وه، كه به‌لای پیاوه‌وه شوێنێكی جوان و چێژ به‌خشه، ناوك له شیعری كوردیدا گرنگیه‌كی تایبه‌تی پێدراوه له شیعری كلاسیكدا (به‌رناف) ناوی هاتووه، كه‌م شاعیری كلاسیكی كوردی هه‌یه باسی لێوه نه‌كردبێت، لای قوبادیش ئه‌و شوێنه به دیدگای جیاوازه‌وه لێی ڕوانراوه ئه‌وه‌تا له شیعری (له‌بن باڵی ژنێك)دا ده‌ڵێت :

من و با
به‌یه‌كه‌وه ده‌مرین
ئه‌و،
له كلۆرایی پیره دارێك ده‌نێژن
من
له‌ناو ناوكی ژنێك .          (١٤١)

شاعیر ئه‌وه‌نده حه‌ز به ناوكی ژنان ده‌كات، وا هه‌ست ده‌كات كه شوێنی ناشتنی پیاوه‌كانه، بۆیه ئاره‌زووی ئه‌وه ده‌خوازێت كه مرد له‌ناو ناوكدا بنێژرێ و ئارامگه‌ی بۆ دروست بكرێ، ئه‌وه‌تا هه‌مان بیرۆكه دووباره ده‌كاته‌وه :

ده‌توانم
دڵنیام ده‌توانم ....
به‌ڵام من گه‌ره‌كمه،

لەناو ناوکی ژنێك بمرم
کە لەناو خێوەتێکی مۆردا،
ڕووت دەبێتەوە .                (١٣٥)
لە شوێنێکی دیکەدا ناوکی ژن دەبێتە شوێنی نوستنی شاعیر
خۆم بچووك بچوك دەکەمەوە
تا دەتوانم،
لەناو ناوکی تۆدا بخەوم(ل٤٠٣)

لە هەرسێ پارچە شیعردا ناوك لە خەیاڵی شاعیردا شوێنێکی چێژی ئارام بەخش بە نێرینە دەبەخشێت، خەو و مەرگ ئەو ئارەزووانەن کە ئاسوودەیی مرۆڤ نیشان دەدەن، هەروەك کوردیش دەڵێ : (خەو برای مەرگە) ، لەگەڵ ئەوانەشدا شاعیر نایەوێ دەست بەرداری ئەو شوێنەی ژن بێت، چونکە بەلایەوە شوێنێکە شایانی ئەوەیە ئەو قوربانیەی بۆ بدرێت .

**ش- مەمك و گۆی مەمك:**

ئەو دوو شوێنە لە شیعری لیریکی و ئیرۆتیکیدا زۆرترین چانسیان هەیە لە وەسفکردندا، چونکە بە ڕووی دەرەوەی جەستەی ئافرەتدا زەق بوونەتەوە، ڕەنگە هەر ئەمەش بێت ببێتە هۆکاری ئەوەی، کە پیاو بە جوانترین شوێنی سێکسی و چێژ لێوەرگرتن سەیری بکات، لە ئەدەبیاتی ئیرۆتیکدا نووسەر یا شاعیر لە وەسفێکی هەمیشەیی ئەو شوێنەدایە، زۆرجار تۆبۆگرافیای جەستەی ژن بەلای شاعیری ئیرۆتیکیەوە لە مەمکدا کورت دەبێتەوە، لە ئیرۆتیکیەتی شیعری قوبادا زۆرترین ڕێژەی باسکردنی ئەندامەکانی تایبەت بە چێژی سێکسی مەمك داگیری کردووە، ڕەنگە زێدەڕۆیی نەبێت، ئەگەر بگوترێت قوبادی جەلیزادە شاعیرێکی بزێوی مەمك پەرستە، قوباد نەك بە گەیشتن بە مەمك، بگرە بە ڕوانین و خەیاڵکردنیش لە دوورەوە هەستەکانی مرۆڤ دەجوڵێنێت، هەر وەك لە شیعری (لەناو بانیۆیەکی گەرمدا) وێنەیەکی لەو شێوەی خستۆتە ڕوو :

ڕەنگە لەناو بانیۆیەکی گەرمدا،
پاڵکەوتبیت و
گەمە لەگەڵ مەمکە بێنازەکانت بکەی .      (٤٠)

شاعیر بە دوو دڵیەوە باس لە ساتەوەختی یاریکردنی ژنێك بەمەمکە بێنازەکانی دەکات، کە ڕەنگە هەر خۆزگە و ئەگەرێکی تاکەکەسی خەیاڵیش بێت، بەڵام بۆ ئەو تا ئەوپەڕی دنیا هەست بزوێنە، لە شیعرێکی دیکەدا فەلسەفەیەکی قووڵ لە مەکی ژنێکدا کورت دەکاتەوە کاتێك دەڵێت :

من
مەمکی تۆم
لە سێوەکەی نیوتن، خۆشتردەوێ .          (٧٤)

قوباد لەنێوان مەمکی ژنێك، کە سەرمایەی ڕاستەقینەی ژیانی ئەوە، لەگەڵ سێوەکەی نیوتن کە ڕەمزێکە بۆ یاسای کێشکردنی زەوی، ئەوەی یەکەمیان هەڵدەبژێرێت، ئەوە مەمکی ژنێکە دەتوانێت قوباد کێش بکات بەرەو خۆی و نەیەڵێت بەربێتەوە، وەك زەوی و هێزی کێشکردنەکەی، جوانترین و سەرنج ڕاکێشترین شیعرێك کە قوباد وێنای دەکات بۆ مەمك و گۆی مەمك لە (شەونمی پەپولە)دا دەردەکەوێت :

شەو بە ڕووتی دەخەوێ

مەلەلێكی

سپی

سپی و

تەنك

تەنك

دەدا بەخۆیدا

سبەینان

مەلەلی

لە دوو جێگەدا

ئاڵ !

ئەوە ڕەنگی گۆی مەمكەكانیەتی(ل١٥٦)

بەڕاستی بینەر یا خوێنەر ئەو وێنەیەی لەو شیعرەدا دەستی دەكەوێت، ڕەنگە لە هیچ وێنەیەكی فۆتۆگرافی و فلیمێكی ڕووتی سینەمایی پێی نەگات، قوباد وێنەی مەكی ژنمان نیشان دەدات لەژێر مەلەلێكی سپی تەنكدا، كە ڕەنگیان كاڵ دەچێتەوە لە بەیانیاندا بەمەش هەست بزوێنی و چێژ وەرگرتنی لە ئیرۆتیكیای شیعرەكە ناسكتر و تەنكتر دەبێت، چونكە شاعیر ڕاستەوخۆ وێنەی ڕوو و گۆی مەمكمان بۆ ناكێشێت، بەڵكو دەیخاتە ژێر قوماشێكی تەنكەوە، بۆ ئەوەی زۆرترین تامەزرۆیی بگاتە خوێنەری دەقەكە، قوباج گۆی مەمكی ژن هەندێجار وەكو سەرچاوەی ڕۆزی و شكێنەری برسێتی سێكسی پیاو دەبینێت :

من و با

بەیەكەوە برسی دەبین

ئەو

گەڵا و گوڵی درەختەكان دەكرۆژێت و

من گۆی مەمكی ژنێك .          (١٤٠)

بۆیەش لەگەڵ مژینی ئەو گۆیە مەمكانە تینوێتی و برسێتی دەشكێنێت، جگە لەمەش شاعیر لە دیوی دەرەوەی شیعرەكەدا وێنەیەكی ئیرۆتیكی چێژ بەخش و هەست بزوێن بنیات دەنێت، لە دیوی ژوورەوەشدا واتای دووەمی شیعرەكە بریتی دەبێت لە سەرچاوەی پەیدابوونی نێرینە لە مێینە، واتە شاعیر دەیەوێ ئەو هاوكێشە لاسەنگە ڕاست بكاتەوە، كە كلتور و ئایین نەخشاندویانە و ژنیان كردۆتە پاشكۆی ڕەگەزی یەكەم .

لە شیعری (غەریبیت دەكەم موكری)دا، شاعیر باس لە گۆی مەمكی ژنێك دەكات كە لە شەواندا هاوتا لەتەك ڕووناكی جگەرەی ژنێك دادەگیرسێن :

شەوان لە بالكۆنەكەدا

گۆی مەمك و توتنی جگەرەكەی

بەیەكەوە دادەگیرسێن .          (٢٦٧)

لێرەشدا شاعیر گرنگی داوە بە ڕەنگی سەر گۆی مەمکەکانی ژن، جگە لەمەش گەرمی ئەو شوێنە، کە وەکو پشکۆی جگەرەکان سوتینەر و داغکەرە لە دڵی شاعیردا، قوباد لە هەندێ شیعریدا دەکەوێتە سەر مەراقی زانینی خاوەنی ئەو مەمکەی لە وینەکەی بەردەمی دەیبینێت، بەڵام هەرگیز بۆی دەرناکەوێ، کە ئەو مەمکە چییە و خاوەنەکەی کێیە :

من و بودلێر و
سوارەی ئیلخانی زادە،
لێمان بووە بە مەراق، ئاخۆ ئەو مەمکەی بەشدار سامی
لە تابلۆیەکی ڕەش و سپیدا، دای بەمن،
مەکی چ ژنێ بێت . (٣٨٢)

**٢- ئیرۆتیکای دەروونی یا ڕۆحی :**

مەبەست لە باسکردنی لایەنی ڕۆحی و دەروونی لە ئیرۆتیکادا، ئەو چێژ و ئارەزووەی ناوەوەی مرۆڤەکانە، کە لە ڕێگای مومارەسەکردنی سێکسەوە دەستیان دەکەوێت، ئەمەش لە ڕێگای ئیرۆتیکای جەستەیی، یا ئەندامەکانەوە دێتە بەرهەم، قوباد لەم جۆرەشدا دەست ڕەنگینی نواندووە چەند چێژێکی ناوەکی باس کردووە کە بریتین لە :

**١- ئۆرگازم یا نەشوەی سێکسی:**

مەبەست لە ئۆرگازم گەیشتنە بەوپەڕی لوتکەی چێژ و خۆشی ناوەکی لە کردەی سێکسیدا، لە شیعری (مانگ)دا قوباد باس لە ئۆرگازمی ژن دەکات بەم شێوەیە:

من دەڵێم ڕەنگە،
تووکە بەری بتاشێت
ڕەنگە هەوڵبدات،
بگاتە ترۆپکی ئۆرگازم . (١٨٥)

**٢- دیمەنی جووت بوون:**

جووت بوون کردەی کۆتایی سێکسە، بەڵام لە پێش ئۆرگازمەوە دێت و لە شیعری قوباددا خۆزگەیەکی ناوەکی بۆ جووت بوون لەگەڵ ژندا بوونی هەیە، بەڵام بە دیمەنێکی دوورتر لە واتای وشەکان گوزارشتی لێدەکات :

گەر من سەگێکی گۆڵ و تۆ سەگێکی دێڵ بوویتایە
دەمێك بوو، لە کەلاوەیەکدا، جووت بوو بووین
تۆ لە کۆلیتێکی تاریك و نوتەکدا
ترەکی بوویت . (ل٢٣٨ )

شاعیر هەستەکانی ناوەوەی خۆی و چێژە دەروونییە غەریزییەکانی لە ڕێگای زمانی ئاژەڵێکی وەکو (سەگ) دەردەبڕێت، خۆزگە بە ژیانی سێکسی ئاژەڵێکی وەك سەگ دەخوازێت، کە لە واقیعدا وەکو مرۆڤ ئەوەندە کێشەی بۆ دروست ناکرێت لە پرۆسەی سێکسی، پێش قوباد لە شیعری نالیدا ئەو جۆرە بەرجەستەکارییە لە شیعری (هەی کەرێکم هەبوو)ی نالیدا پیادەکراوە، بەڵام نەوەك بە دیدێکی سێکسی، بەڵکو نالی بەو جۆرە لێی دەدوێت، کە لە ڕاستیدا جیاوازیەکی ئەوتۆ لەنێوان ژیانی خۆی و کەرێك بوونی نییە، لە ئەدەبیاتدا ئەو جۆرە هونەرە بەشێوەیەکی بەرچاو دەبینرێت وەکو هۆکارێك بۆ هەڵاتن لە دەستی ئەو واقیعە تاڵە کۆمەڵایەتییەی کەلتورێکی

باڵادەست سەپاندوویەتی، لەبەر ئەوە شاعیران پەنا بۆ زمانی گیاندار و شتە بێگیانەكان دەبەن و ئاوات و خۆزگەیان پێ دەخوازن و تەمەننای گۆڕینەوەی وجودی خۆیان بۆ بوونی ئەوان دەكەن.

**٣ـ ئیرۆتیكای جل و بەرگ:**

لە جیهانی سێكسیدا، جلوبەرگ گرنگیەكی تایبەتی خۆی هەیە و هەردوو لایەن نێر و مێ بایەخی پێدەدەنو چونكە جلوبەرگ ئامرازێكی سەرەكیە لە وروژاندنی مرۆڤدا، بەتایبەتیش لای مێینە، ڕەنگە نێرینەیەك ئەوەندە بە ڕووت بوونەوەی مێینەیەك نەوروژێ، ئەوەندەی بە سەیركردن یا خەیاڵكردنی جلوبەرگێكی وروژێنەر هەستی بجوڵێ، قوباد لە شیعرەكانیدا وەكو كەسایەتیەك دەردەكەوێ، كە بە بچوكترین و كەمترین ماوەی دەركەوتنی جلو بەرگەكانی ژێرەوەی ژنان دەوروژێت، پێویستە بگوترێ، كە فیتیشیزم لەم دویانەدا بەهەمان ئەندازەی دوو جۆرەكەی تری ئیرۆتیكا گرنگی پێدراوە كە دەتوانین بەو شێوەیە بیانخەینە ڕوو :

**١ـ ستیان ، سوخمە، مەمك بەند:**

ئەم شتومەكە وەكو كەرەسەیەك بەكاردێ بۆ داپۆشینی مەمكەكانی ئافرەت بۆ ئەوەی لە واقیعی خۆیاندا بە شێوەیەكی شۆڕ و ناڕێك دەرنەكەون، هەروەها هەندێ ژن بە مەبەستی گەورەكردن، یا بچوككردنەوەی ئەو ئەندامە بەكاری دەهێنن، ستیان هەروەكو مەمك لای پیاو بە ئامرازێكی وروژاندنی سیكسی چاوی لێدەكرێت، لە شیعری قوباددا هەروەك چۆن مەمك وەك هەموو ئەندامە سێكسیەكانی دیكە تیشكی خراوەتە سەر، بەهەمان شێوە مەمكبەندیش جێگەی بایەخ و لێڕامانە لە شیعری (چپەم لە ناو ستیانەكەت) ئەوبیرۆكەیەبەو چەشنە خراوەتەڕوو :

ئاخر دەترسم

ماچێكم بەسەر پشتی دەستەوە،

لیكم لە چاڵی كەمەرت،

چپەم لە ناو ستیانەكەت

هەناسەم لەبن باڵت،

دێڕە شعرێكم بە پووزتەوە و

تاڵێك لە قژی سپیم، بەسەر گۆپكی مەمكتەوە،

جێبهێڵم . (١١٢)

قوباد لە شیعری (ستیانە مۆرەكە)دا بەراوردی نێوان پایز و ژنێك دەكات، ژنێك ستیانێكی نیللی لەبەر كردووە و خۆی شیك و پۆش كردووە بە كەلوپەلەكانی دیكەی خۆ داپۆشین، بەڵام قوباد هەروەك چۆن ستیانە نیللیەكەی لەبەر دادەكەنی، لە ئەوانیتریش ڕووتی دەكاتەوە و دەینێرێتەوە وەرزێك كە ساردییە :

كە پایز دێ

ژنێكی ئەرستۆكراتی پۆشتەیە

من چەترە، پەمەییەكەی لێ دەستێنم

شەبقە ناسكەكەی و

كۆتە نارنجییەكەی و

پووتە شینەكەی و

کراسە سورەکەی و

ستیانە نیلییەکەی و

دەرپێ مۆرەکەی، لەبەر دادەکەنم و

بە ڕووتی،

دەینێرمە دارستان .                    (١٩٣)

هەروەها لە شیعری (پاکەتێك حەبی مردن) باس لە زەوقی ژنێك دەکات، کە هەڵوەدایە لە گۆڕینی ڕەنگی ستیانەکانی جارێك ڕەش و جارێکیتر پەمەیی و ساتێکیش مۆر، کەچی شاعیر بەرامبەر بەو خۆشیانە، ئەو ژنە لە پیریەکی بێ توانایی دایە و جەستەی خەریکی ڕوخانە و دانەکانی دەلەقێت و دەکەوێت :

تۆ ساتێك ستیانێکی ڕەش دەبەستیت و ساتێك پەمەیی و ساتێك مۆر

من، دەمێك دانێکم کلۆر دەبێ و

دەمێك دانێکم دەلەقێ

دەمێك دانێکم دەکەوێ .                    (١٩٩)

لە شیعری (ژنێك لە وەزارەتی بەرگری)دا ، قوباد چرکە ساتی داکەندنی ستیانەکانی ژنێك نیشان دەدات، کە لەتاو عارەقی مەمکەکانی لە هاویندا ستیانەکەی فڕێ دەدات .

ئەو ژنە منی بەقەد سەگەکەی خۆشدەوێ

ژنێك بە تەمای جوانکاری کوڵمە خڕەکانیەتی ..

ژنێك بۆ قاپوت کڕین بە بازاڕی لەنگەدا، دەسوڕێتەوە

ژنێك بۆ نانی نیوەڕۆ، شفتە سور دەکاتەوە، نانی تیری تەڕ دەکات

ژنێك لەتاو گەرما ستیان و لیباسەکەی دادەکەنێ و بەژێر کراسێکی

لەشەوە، پاڵ دەکەوێت .                    (٢١٢)

لە شیعرێکی دیکەدا قوباد سروشت تێکەڵاو دەکات بە دیمەنی کردنەوەی مەمك بەندێك لای ژنێك، کە مەمکەکانی ئەوەندە سپین یەکێکیان لە ڕوونی باران و ئەوەی تریان لە سپیەتی بەفر دەچێت :

هەور ، کە مەمك بەندەکەی فڕێدا،

مەمێکی باران بوو

مەمکێکی بەفر .                    (٣٢٠)

لە شیعری (ترێ)شدا شاعیر ستیانی ژنێك بە مۆڵگەی بەخشینی مێوژ دادەنێت .

ئەو ژنە هەمیشە،

ناو دەمی پڕە لە شەڕاب

ستیانی پڕە لە مێوژ .                    (٣٧٣)

هەمان بیرۆکەی بەخشتی مەمك لەلای قوباد لە شیعری (لەسەر ناوکی ژنێك دەنوم) دووبارە دەبێتەوە، بەڵام ئەمجارە ستیانەی ژنەکە کانگەی دەنکە گێلاسە و شاعیر چاوەڕوانی کرانەوەی دەکات و دەستی لە ژێرییەوە دەگرێت، بۆ ئەوەی هیچ یەکێك لە دەنکە گێلاسەکان شۆڕ نەبنەوە و بکەونە سەر عەرز :

کە خەریکی کردنەوەی ستیانەکەتی،

لەبەر دەمتا چۆك دادەدەم

دەستم دەگرمەوە،

بۆ دەنكە گێلاس .                    (٤٠٠)

قوباد چێژ لە ڕووت بوونەوە و ئازادبوونی مەمك لە مەمكدان دەبینێت، ئەو وێنەی ژن لە قووڵایی نیوەی شەودا بەبێ ستیان دەكێشێت، ژنێك كە شەوانە ستیانەكەی دەخاتە ئاگردان و بەری بەیانیش لە كازیوە دەیهێنێتەوە، شاعیر جۆێك لە ناسكایی دەبەخشێتە ئازادبوونی مەمكەكانی ژنێك لە ستیان دەبەخشێتە فەزای شیعرەكە، كە سەرنجی خوێنەر دەدزێت وەكو ئەوەی خۆی لەگەڵ ئەو ژنەدا بێت، چونكە لە چوارچێوەی شیعرەكەدا بەهۆی لێنزی كامیرای شاعیرەوە نزیكایەتیەك دروستكراوە بۆ بینینی ڕووداوەكان :

شەو بە ڕووتی دەخەوێ ...

مەمكدان و دەرپێكەی،

فڕێ دەداتە،

ئاگردانەوە

سبەینان

لە داوە دەزووی كازیوە

دەیانچێنێتەوە .                    (١٥٦)

**٢- ستراب :**

ئەمەش جۆرە كراسێكی تەنكە و ژنان لەدوای بەستنی ستیانەكانیانەوە لەبەری دەكەن كە بەشی سەرەوەی لە شێوەی دوولكە دایە و لەناوچەی مەمكیشدا شوێن بۆ سوخمە هێشتراوەتەوە، لە شیعری قوباددا ئەو جلە گرنگی و چێژی خۆی هەیە وەك لە شیعری (شەبقە)دا شاعیر وێنەی بایەكی ڕووتی پایزە دەكێشێت، كە بەرەو باغ دەڕوات جلی بەبەردا دەكرێت و قۆخ سترابێكی لەگەڵای خۆی بۆ دەكات بە ستراب :

كزە باكە سەرە پایزان هەڵدەكات،

ڕووت

كەچی كە دەچێتە ناو باغ

هەرمێ گەڵایەكی بۆ دەكات بە شەبقە

قۆخ بۆی دەكات بە ستراب

هەڵوژە بە سترێژ .                    (٦٨)

**٣-دەرپێ :**

دەرپێ یەكێكی ترە لەو شتومەكانەی ژێرەوە مە تایبەتە بە ژنان، دەرپێ بەشی خوارەوە تا دەگاتە كەمەری ژن لە ژێرەوە دادەپۆشێت، لە ئەدەبی ئیرۆتیكیدا دەرپێ بە یەكێك لە ئامرازەكانی وروژاندنی سێكسی هەژمار دەكرێت، لە شیعری قوبادیشدا ئەم جلوبەرگە بە چەندین شێوەی جیاوازەوە گوزارشتی لێكراوە، هەستی قوباد بۆ دەرپێ هەستێكی تەواو و وروژێنەر و شەهوانیە، قوباد هەمیشە خواستی بۆ هێنانە خوارەوەی دەرپێ لەلای ژنانەوە دەخوازێ. زۆربەی ئەو دیمەنانەی لەبارەی ئەو جلەوە نیشانی داون چركە ساتێكی دوای هاتنە خوارەوەن .

چلێك هەتاو هاتۆتە بەر پەنجەرە ....

ژنێك

مەمکبەند و درپێکەی خستۆتە بن بالیفەکەی و

ڕووت

ڕووت،

لەسەر گازەری پشت ڕاکشاوە .(ل١٣٦)

لەم شیعرەدا قوباد دیمەنەکانی بەشی خوارەوەی جەستەی ژن کە دەرپێ دایان دەپۆشێت تێکەڵاو دەکات بە بەشی سەرەوەی ئەندامە سێکسیەکان کە گرنگترینیان مەمکەکانن، بەڵام لێرەدا هەم داپۆشەری مەمك، هەمیش داپۆشەرەکەی خوارەوە کە دەرپێیە فڕێدراوەتە ژێر سەرینەکەوە ز

لە شیعری مانگدا شاعیر لەسەر زاری لەتیف هەڵمەتەوە وێنەیەکی داکەندنی دەرپێ دەخاتە بەر چاوان :

لەتیف هەڵمەت (دەڵێ نا)

لەوانەیە

دەرپێکەی داکەندبێ و

هاتبێتە سەر چیچکان و

میز بکات .                (١٨٥)

لە شیعرێکی دیکەدا وا خۆی دەنوێنێت، کە شارەزایی یەکە بەیەکەی ڕەنگەکانی دەرپێی ژنێکە بە جۆرێك کە مێردەکەی هەر چەندە شارەزایی خاڵ بەخاڵی جەستەی ژنەکەیەتی، بەڵام هێشتا وەك ئەو لەو ڕەنگانە شارەزا نییە :

مێردەکەی

بەلەدی ، خاڵ بە خاڵی جەستەیەتی،

بەڵام وەك من،

ڕەنگی ستیان و

ئەتەگ و

دەرپێکانی نازانێت .                (٢٦٧)

شارەزایی قوباد پێدەچێت لە دوورەوە بێت، چونکە لەبەشی یەکەمی شیعرەکەدا باسی لە ڕستەی جل دەکات، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەیی کە شاعیر هەمیشە لە دوورەوە سەیری دەرپێی ژنێکی کردووە لەو کاتەی هەڵخستراوە، ئەمەش ئەوپەڕی فیتیشیزمە .

**٤-مایۆ:**

مایۆ ئەو شتومەکە تەنکەیە کە ژنان ناوچەی حەو ز و سمتیانی پێ دادەپۆشن، مایۆ داپۆشەری سەرەکی ئەندامی زاوزێی ژنانە و لە ئەدەبی ئیرۆتیکیدا کەرەسەیەکی لەباری هەست وروژاندنە، هەروەها بەلای کەسایەتی فیتیشتی مایۆ سەرنج ڕاکێش و خۆشەویستە، لە شیعری قوبادا مایۆ وەکو شتومەکێکی سێکسی دەربڕدراوە :

وردە شەپۆلێکی سپی،
لە پێ و بەلەکتەوە
هەڵکشاو
ڕژایە کەنداوی ناوکتەوە
مایۆکەت پڕبوو،
لە وردە ماسی وروژان . (١٧٣)

لەم شیعرەدا قوباد وێنەی ژنێکی کەنار دەریا دەکێشێ کە پاڵکەوتووە بە مایۆ و سوخمەیەکەوە تا شەپۆلی دەریا لێی بدات، شەپۆلەکەش وردە وردە هەڵکشاوەتە سەر جەستەی ئەو ژنەوە و لە گەڕانەوەیدا بۆ نێو دەریا، هەروەها وردە ماسییەکان لە تامەزرۆی بینینی ئەو شوێنە ناسکەی ژندا لەگەڵ شەپۆلەکەدا نەگەڕاونەتەوە و خۆیان وون کردووە و چوونەتە ناو مایۆی ژنەکەوە، تا تام لەو چێژەی خوارەوە بکەن .

**٥- کەرەسەی جوانکاری :**

کەرەسەکانی جوانکاری لە جیهانی مۆدێرنیدا کەم تا زۆر لەلای ئافرەتاندا بەکار دەهێنرێت، ئەم کەرەستانە خۆیان لە بۆنی خۆش و مستیلە و گوارە و ملوانکە و مکیاژ و عەتری بن باڵ و چەندەها جۆری دیکە دەبیننەوە، کە هەریەکەیان لە ئەدەبیاتی ئیرۆتیکدا جۆرە چێژێك دەبەخشن، بەلای کەسێتی فیتیشتەوە ئەم کەرەسانە زۆرجار دەبن بە یادخەرەوەی ڕووداوێکی سێکسی، یاخود لە ڕێگەی ئەو کەرەسانەوە ئەو کەسە بەرەو جیهانێکی خەیاڵاوی ڕووتی مێینە دەبەن، ئەم کەرەسە جوانکاریانە بەلای قوبادەوە شتێکی جیابووەوە نین لە مێینەدا، بەڵکو بەشێکن لە جوانی بینای ئەندازەی جەستەی ئیرۆتیکی مێینەوە، بۆیە بە شەپۆلی وردی زەینی و خەیاڵییەوە شاعیر لێیان دەڕوانێت .

**أ- موستیلە و ملوانکە :**

لە شیعری (گۆرانیەکی غەمگین)دا قوباد چیرۆکی قەیرە کچێك دەگێڕێتەوە کە هەموو شتێکی جوانکاری دنیایی هەیە، بەڵام لە قەیرانی نێرینەیدا دەژی بۆیە ناچارە (موستیلە و ملوانکە زێڕینەکەی خۆی بفرۆشێت تا ئەو هەستانەی لە ڕێگەی سەگێکەوە قەرەبوو بکاتەوە :

موستیلە و ملوانکە زێڕینەکەم فرۆشت
سەگێکم پێ کڕی سپی
سپی سپی و توکن
بۆنم دەکات
خۆی لە قاچە لووسەکانم دەسوێ
شەوان تا خەو دەمباتەوە
دەملێسێتەوە . (٣٠٤)

**ب ـ عەتری بن باڵ :**

مەبەست لە بۆنی بنباڵ دووجۆرە، یا بۆنی ئاسایی خۆی تێکەڵاو بە نەرمە عەرەقی ژنانە، کە لای پیاوان لەکاتی سێکسدا شتێکە هەست دەوروژێنێ، یاخود عەتری دروستکراوە، کە بەهەمان چەشن بەلای پیاوەوە بە ئەندازەی

ئەو بۆنێکی ویستراو دڵخۆشکەرە قوباد لە شیعری (بخووری مردن) ئەو جۆرە بۆنەی بەلاوە پەسندە کە لەبن باڵی ژنێکەوە بۆی دێت، بۆنێکە کە تاسەر ئێسقان چۆتە ناو جەستەیەوە و ئێسقانەکانیشی پڕکردووە :

شەڕ، سیپەلاکی پەپولەکانی پڕکرد، لە بخووری مردن

کەچی من، ئێسقانم پڕپڕە، لە عەتری بن باڵی ژنێك .  (ل٣١٣ )

**پـ مکیاج – مکیاژ:**

لە شیعری قوباددا میکیاژ دەورێکی سەرەکی دەگێڕێت لە جوانکردنی ژنان و زیادکردنی چێژی پیاو بەهۆی میکیاژ کردنەوە، قوباد لە شیعری (شاخ)دا ئەو دیمەنەمان بە تەواوەتی دەخاتە پێش چاو کە ژنێك ڕۆژانە چەندین جار میکیاژەکەی تازە دەکاتەوە، تا هەمیشە چێژاوی و پڕ شەوق و درەوشاوە دەبێت لەبەرچاوی پیاواندا :

یا وەك ڕۆژانی تر

دەچیتە بەر ئاوێنە و میکیاج تازە دەکەیتەوە

دەڕۆیتە (ستی ستار) و

پێڵاوی قومپانی بڵند و

ستیانێکی پیازی دەکڕیت و

فنجانێك ئایسکریم دەنوشیت .   (٣٤٥)

**ت-گوارە :**

قوباد لە هەندێ شیعردا وەسفێکی درەوشاوەی گوارەی گوێی ژنێك دەکات، کە گوێکانی لە گوێی هیچ ژنێکی دیکە ناچن، ژنێك تەنانەت جووتە ئەستێرەکانیش حەزدەکەن ببن بە گوارە بۆ گوێچکەکانی :

ژنان هەموو گوێیان هەیە ...

کەچی ئەستێران حەزدەکەن،

تەنیا و تەنیا،

وەك دوو گوارەی کریستاڵ،

بە گوێی تۆدا شۆڕببنەوە .   (١٣٨)

**ج-بازن:**

قوباد دەستی ژنێك ئەوەندە ڕووناك و درەوشاوە ڕادەنێت، کە تیشکەکان ئارەزوو دەکەن ببن بە بازن و خرمەیان لە دەستێکی وەها لێوە بێت، نەوەك دەستی هەر ژنێکی دیکە :

ژنان هەموو باسکیان هەس ...

کەچی تیشکەکان حەزدەکەن،

تەنیا و تەنیا،

بەدەست و مەچەکی تۆوە

خرمەیان بێت .   (١٣٩)

ئیرۆتیکیەتی قوباد و شوێنە فەرامۆشکراوەکانی جەستەی ژن :

قوباد لەو كۆمەڵە شیعرەیدا بەراورد بە كۆمەڵەكانی پێشووی، ئاوڕی لە هەندێ شوێن و كون و كەلەبەری جەستەی ژن داوە، كە هیچ شاعیرێكی هاوچەرخ ئەوەندە جوان نەیخستوونە ڕوو، شوێنە بینراوەكانی جەستە، كە نەك نیشاندانیان، ڕەنگە باسكردنیشیان بە تابۆ بكرێت لەنێو كۆمەڵدا، یا هەندێ جار لای هەندێ كەس بە شوێنی پیس و نەشیاو هەژمار دەكرێن ئەمانەلای قوباد پێچەوانە دەبنەوە، لەو كۆمەڵە شیعرەیدا، جگە لە ئەندامە سێكسیە باوەكانی چێژ وەرگرتن، شاعیر تەنانەت چێژ لە فەرامۆشكراوترین شوێنی جەستەی ژن دەبینێت، ئەگەر چێژیش نەبێت، بەلایەوە شوێنگەل و شتگەلێكن جوان و پاكن و ڕازێنەری جەستەی ژنن بە نمونەش چەند شوێنێك لەوانە دەهێننەوە :

**١ـ بنباڵی ژن:**

قوباد وەكو شوێنێكی لاتەریك و نەبینراو لە بن باڵی ئافرەت ناڕوانێت، بەلای ئەوەوە بن باڵی ژن و ئەو مووەی لێی دەڕوێت شوێنێكە وەك هەر شوێنێكی دیكە چێژی خۆی هەیە ئەوەتا دەڵێت :

مێرووله،

مووە تاشراوەكانی بن باڵی ئەو ژنە،

دەكەن بە ستیان . (٧٧)

**٢ـ تووكە بەر:**

قوباد تووكە بەر بە شتێكی سەیر نابینێت لە جەستەی ژندا، ئەو لە هەوڵی ئەوەدایە، دیمەنێكی چێژ بەخشی كاتی تراشی ئەو موانە بگەیەنێتە خوێنەر، وێنەیەك، یەكسەر خوێنەر دەگەڕێنێتەوە بۆ گەرماوی ژنان :

من دەڵێم ڕەنگە،

تووكە بەری بتاشێت

ڕەنگە هەوڵ بدات

بگاتە ئۆرگازم . (١٨٥)

لە شیعرێكی تردا قوباد هەردوو جۆری مووی (بن باڵ و تووكە بەر) بەیەكەوە كۆدەكاتەوە، بەڵام ئەم جارەیان ڕەگەزەكانیش دەبن بە دووان و مێینەكەش لە ژنێكەوە دەگۆڕێت بۆ كچێكی چواردە ساڵی پێگەیشتوو :

من دەنگم گڕ دەبێت و سمێڵم گووگرە دەبێت

تۆ مەمكت لێ دەڕسكێت،

وورده ورده مووی شەرم، لە بن باڵ و داوێنماندا شین دەبن . (٢٣١)

ئەو شیعرانەی پێشوو سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن، كە پێشتر باسمان كردووە لە فەرهەنگی شیعری قوباددا، بەڕاستی ئیرۆتیكیەتی قوباد دەوڵەمەندە بەو جۆرە وشانەی، كە تا ئێستا كەم شاعیری هاوچەرخی كوردی توانیویەتی لە شیعرەكانیدا پەی بە واتایان ببات، یەكەمین جاریشە مامەڵە بەو شێوەیە چێژدارە لەگەڵ (بن باڵ، مووی بن باڵ و تووكە بەر) بكرێت .

شلەمەنیەكانی جەستە لە ئیرۆتیكای شیعری قوباددا :

لە شیعرە ئیرۆتیكیەكانی قوباددا باس لە بارە جەستەییەكانی دوای تەواوبوونی سێكس دەكریت، یاخود ئەو شلەمەنیانەی كە بەهۆی سێكسەوە لەلایەن ڕژێن و گلاندەكانی تایبەت بە جەستەی ژن و پیاو دەردەدرێن، جگە لەمەش شاعیر هەندێجار دیمەنی ساتە وەختی هەستكردن بە مێینەیی لای ژن نیشان دەدات.

لە شیعری (نووستن لەئاو ڕژاندا) قوباد بانگخوازێکی لاوە و بەگوێ کچێکی هاوتەمەنی خۆی دەنگی سێکس و چووت بوون دەچرپێنێت :

وەرەبا،

من لەناو تۆدا بنووم،

تۆش لەناو من

من،

خوێنی کچێنیت دەڕێژم،

تۆش تۆوی پیاوەتیم . (٦٣)

لەم شیعرەدا دیمەنی بەیەك گەیشتنی شەوی پەردە لەنێوان دوو مرۆڤی تازە بەیەك گەیشتوو نیشان دەدرێت، شاعیر کەسێکی سادیستە و چێژ دەبینێت لە دڕاندنی پەردەی کچێنی کچێك و خەون بەوە دەبینێت لەتەك ئەو مێینەیەدا تۆوی پیاوەتی بڕێژێت، ئەو شیعرە تابلۆیەکمان نیشان دەدات کە بریتیە لە یەکانگیر بوونی دوو جەستەی تینوو بۆ یەکتری، دوو جەستەی کە هەمیشە لە چاوەڕوانی ئەوەدا بوون، لە شەوێکی وەهادا یەکتری هەڵمژن و بچنە ناو یەکتریەوە، بەرزی ئیرۆتیکیەتی شیعرەکە لەو بانگکردنەدا دەردەکەوێت، یان ئەو خۆزگە و ئارەزووی نێرینە بۆ مێینە چونکە شاعیر لەسەر پێی نەچۆتە ناو باسەکانەوە، بەڵکو لە ڕێگەی پەردە پۆشکردنی فەزای شیعرەکە بە چاوەڕوانیەکی لە مێژینەدا داواکاریەکەی دەخاتە ڕوو، بەمەش خوێنەر جۆرە چێژێکی ئیرۆتیکی دەست دەکەوێت .

قوباد لە شیعرێکی دیکەدا باس لە تۆماوی لەززەت، یا ئەو ئاوە ڕوونەی داوێنی ژن دەکات، کە لەکاتی ورژانی تەواوی سێکسیدا بە دەوری ئەندامی مێینەدا دێتە خوارەوە :

یان وەك شەوانی تر

مەزە بۆ مێردەکەی حازر دەکەیت و

پێکێکی لەگەڵ دەخۆیتەوە و

دەرەقسێیت و

چەرچەفی سیسەمەکە، لە تۆماوی لەززەت

دەنەخشێنێت . (٣٤٥)

قوباد لەم شیعرەیدا بایەخی داوە، بەو ئاوە کریستاڵیە درەوشاوەی داوێنی ژن، کە لەسەر چەرچەفێکی خەوتن جێماوە، کە بەلایەوە بریتیە لە چێژ و لەززەتترین شتی ژن کە پێشکەشی پیاوی دەکات .

**لیك و ماچ:**

لیك و ماچ بەلای شاعیرەوە لەوپەڕی لەززەتی جەستەیی دەژمێردرێت، قوباد لەگەڵ بینینی جەستەی ژن لیك بە دەمیدا دێتە خوارەوە و ئەم لیکەش لە کاتی ماچ و لێسنەوەی جەستەی ژنێکدا وەك و ماك و نیشانە بەسەر جەستەی ژنەکەوە دەمێنێتەوە :

ئاخر دەترسم

ماچێکم بەسەر پشتی دەستەوە،

لیکم لە چاڵی کەمەرت،

چپەم لە ناو ستیانەكەت

هەناسەم لەبن باڵت،

دێڕە شعرێكم بە پووزتەوە و

تاڵێك لە قژی سپیم، بەسەر گۆپكی مەمكتەوە،

جێبهێڵم . (١١٣)

لەم شیعرەدا شاعیر بە بینینی جەستەی ڕووتی ژنێكەوە، لیك لە دەمییەوە ناوەستێ، بەڵام نایەوێ لیكی لەززەت لە نێو دەمیدا بەفیڕۆ بڕوات، بۆیە ئەو لیكە وەكو كەرەسەیەكی نەرم و فێنككەرەوە بۆ لێستنەوەی چاڵایی كەمەری ژنەكە بەكار دەبات، هەروەك چۆن تەڕایی ماچەكەی لەسەر دەستی دولبەر جیدێڵێت، لە شیعری (ترێ)دا ئەو تامەزرۆیی و لیك ڕژاندنە پێچەوانە دەبێتەوە كاتێك شاعیر دەڵێ :

گەڵا تەنكەكانم پڕدەكا لە عیشق و دەیانپێچێتەوە

كە قۆڵ و باسكم بە سیلە دەگرن،

تاو لە دەمیدا، دەزێ

بە لیك تەڕم دەكات و

بە وردە خوێی ناو لەپییەوە،

دەمكرۆژێت . (٣٧٣)

شاعیر لەم شیعرەدا قۆڵ و باسكی خۆی بە قەدی دارمێو چوواندووە لەو كاتەی كە بەسیلەی تریش دەگرن، قۆڵ و باسكێك كە ئەوەندە وروژێنەر و هەستەوەرن هەر لەگەڵ یەكەمین بینینی ژنێكدا ئاو دەڕژێنێت لە دەمیدا، بەڵام ئەو ئاو تێزانە ئەوەندە ناخایانێت، كە بەسەر قۆڵ و باسكی نێرینەكەوە سەرف دەكرێت، واتە ژنەكە بە لیكی دەمی ئەو شوێنەی نێرینەكە دەلێسێتەوە .

**جوڵە و ڕەفتار و وروژێنەرە ئیرۆتیكیەكان :**

لەم كۆمەڵە شیعرەدا شاعیر پانتاییەكی فراوانی بۆ جووڵە سێكسی و ڕەفتارە ئیرۆتیكیەكان تەرخان كردووە، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەدەبیاتی ئیرۆتیك بریتی نییە، لە نیشاندان و خستنە ڕووی سێكسێكی تەواو ڕووت و بێ هەست، كە بەشێوەیەكی ئاژەڵیانە، یا سەرپێیانە ئەنجام بدرێت، بەڵكو هەوڵیداوە دیمەنەكانی لە ڕێگەی جووڵە هەست بزێنەكان ئەنجام بدات، شاعیر جۆرێك لە ڕۆمانسییەتی جووت بوون و تێكەڵاوبوون لەنێوان ڕەگەزەكان بەرهەم دەهێنێت، تاوەكو خوێنەری دەقەكان چاوی خێل نەبێت بەدیار چەند دیمەنێكی دووبارەكراوە، چونكە سێكسكردن جۆرەكانی بە پێی جیاوازی خاسیەت و چێژە تایبەتیەكانی مرۆڤەكان گۆڕانكاری بەسەردادێت، بێگومان شاعیریش چاوكراوە و شارەزابووە لە بەكارهێنانی ئەو ستایل و فۆڕمانەی كە لە سێكسی باودا كەمتر ئاوڕیان لێدراوەتەوە، لەوەشەوە سەركەوتنی بەدەست هیناوە لە لكاندنی خوێنەر بەهەست و واتای دەقەكانەوە، قوباد نیگاری ڕووت بوونەوەی ژن بە چەند جۆرێك دەنەخشێنێت، كەم تا زۆر هەر یەكێك سەرسام دەكات بەڕاددەی ڕۆمانسیەتەكەی، لە شیعری وێنە و پێی جلەكانت)دا قوباد كۆمەڵە چۆلەكەیەك دەكاتە كارەكتەری سەرەكی بۆ ئەنجامدانی ڕووتكردنەوەی ژنێك و هەڵخستنی جلەكانی :

دەمە و ئێواران،

پۆلێك چۆلەكە دین و بە دەنووك، ڕووت ڕووتت دەكەنەوە

لە باخچە،

جلەكانت بە شەونم دەشۆن

بەسەر لقی جریوەوە هەڵی دەواسن .          (٧٢)

لە شیعرێكی دیكەدا شاعیر سەما و ڕەقسی ژنێك لە نیوە شەوێكی تاریكدا بەیان دەكات :

لە تاریكترین شەودا ...

كە بە ڕووتی سەما دەكات

بەر پەنجەرەكەی،

پڕ دەبێت لە پیاوانی هەتاو .          (١٥٥)

بەڵام ئەو شەوە تاریكە ئەنگوستە چاوە ڕووناك دەبێتەوە بە نوور و تیشكی پیاوە شەهوانیەكان و پیاوانەی لە كون و درزی پەنجەرە تاریكەكەرە تەماشای سەمای ڕووتی ژنێك دەبن، كە لێوانلێوە لە جوانی، بەڵام ژوورەكە ئەوەندە تاریكە تەنیا نووری جەستەی لە دەرەوە دەبینرێت، بۆیەش پیاوانی شەهوەت پەپولە ئاسایە ڕوناكی ناو ئەو ژوورە دێن .

لە شیعرێكی تردا شاعیر دەنگی ڕووت بوونەوەی ژنێك كە دەنگێكە مردوو لە گۆڕ دێنێتە دەرەوە لە بۆرژان و وەنەوزێكی چركەییەوە ئاگای دەكاتەوە :

بۆژابووم،

كە گوێم لە چرپە چرپی

ڕووت بوونەوەی

تۆ بوو .          (٢١٨)

جوانی و ناسكی ئەم شیعرە لەوەوە دەر دەكەوێت، كە شاعیر غەریزەی سێكس بەرزتر لە غەریزەی خەو نیشاندەدات، واتە نێرینەیەك ئامادەیە لە پێناو ڕووت بوونەوەی ژنێك و دەنگی ئەو ڕووت بوونەوەیە، دەست لە خۆشترین چركە ساتی خەو بەربدات، لە وێنەیەكی دیكەی خەیاڵیدا قوباد ئەمجارە ژن بە ڕووتی لەنێو تارمایی شوشەی شەڕابەكەی بەردەمی دەبینێ :

بە تەنیا مەست دەبم ...

ئەو ژنە بە ڕووتی،

دەرژێتە پێكەكانمەوە

ئەو ژنە

لەناو ستیانێكی ڕەشدا

پارچە هەلا هەلا بووەكانی دڵم

كۆ دەكاتەوە .          (٢٦٩)

لە شیعری (صابوون چۆن هەڵناخلیسكێت) شاعیر سەری سوڕ دەمێنێت لە ڕووت بوونەوەی ژنێك لە نێو حەمامدا :

كە تۆ لە نێو حەمامەكەدا، ڕووت دەبیتەوە

پێم سەیرە چۆن،

بوومەلەرزەیەك، بە پلەی ١٢ بە پێوانەی ئیرۆس
دنیا سەرەوبن ناكات، ئەی یار .                (٢٨١)

قوباد دۆشی دادەمێنێت لە بینینی ڕووت بوونەوەی ژنێك لە حەمامێكدا، ژنێك كە خاڵ بە خاڵی جەستەی بریتیە لە جوڵاندنی هەست و سەراپای كەلووپەلەكان بە بینینی چێژێكی ئیرۆسییان بۆ دروست دەبێت و دەكەونە جووڵەوە و خەریكە پێكەوە بوومەلەرزەیەكی ئیرۆسی بەرپابكەن و ئەو جیهانە بشێوێنن، لەتاو بینینی ئەو جەستە ڕووتە سیحراوییە، لە شیعرێكی دیكەدا شاعیر شێوەی خۆی دەگۆڕێ بۆ گیاندارێكی وەكو پشیلە و لەبەر دەرگای حەمامی ژنێك خۆی گرمۆڵە دەكات، تا گوێی لە خوڕە خوڕی ڕووت بوونەوەی ژنێك بگرێت :

دەبم بە پشیلە،
لەبەر قاپی حەمامەكەتانا پاڵدەكەوم
گوێ لە خوڕە خوڕی،
ڕووت بوونەوەت دەگرم .          ( ل٤٠ )

## ئە نجام

لە كۆتایی ئەو لێكۆڵینەیەدا گەیشتووین بە چەند ئەنجامێك، كە لەخوارەوەدا لە چەند خاڵێك كورتیان دەكەینەوە:

١- قوباد بە دەسپێشخەرترین شاعیری هاوچەرخ دادەنرێت لەبواری نووسینی شیعری ئیرۆتیكییەوە، لەبەرئەوەی بەهیچ شێوەیەك سڵی نەكردۆتەوە لە سانسۆرە كۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسییەكان، ئەوەی بە خەیاڵیدا گوزەری كردووە بە زمان دەریبڕیوە.

٢- قوباد لەو كۆمەڵە شیعرەدا بە پێچەوانەی شاعیرانی پێش خۆی نەیویستووە تەنیا وێنەیەك بكێشێت لە دەوری ئەندامی زاوزێی مێیینە بخولێتەوە، بەڵكو پەی بردووەبە هەموو وردەكارییەكانی جەستەی ژن و توانیویەتی بەشێوەیەكی فراوان بینای ەندازەیی جەستەی مێیینە بكێشێت، واتە ژن لای ئەو پارچەیەكی یەكگرتووی لێك دانەبڕاوە.

٣- قوباد لەم كۆمەڵە شیعرەدا كۆششی ئەوەی كردووە كە بگات بە ئیرۆتیكییەتی دەق تا دەقەكەی ببێتە دەقێكی ئیرۆتیكی، لەبەرئەوە دەرگای دەقی ئاوەڵا كردووە بەڕووی ناوەرۆكەوە، زیاتر لەوەی یاری و تەسەنوع بە زمان بكات.

٤- لە هەندێ شیعرەكانی ئەو كۆمەڵەیەدا شاعیر وەكو كەسایەتییەكی فیتیشتی دەردەكەوێ، كە بە دەركەوتنی بچووكترین جل و بەرگ و كەلوپەلی ژنانە دەوروژێت، یا حەزدەكات خاوەندارییان بكات.

٥- جووڵە و ڕەفتارە وروژێنەرەكانی جەستە و شلەمەنییەكانی تایبەت بە لایەنی سێكس لەو كۆمەڵەیەدا گرینگی بەرچاویان پێدراوە.

٦- سێ جۆر ئیرۆتیكا لەو كۆمەڵە شیعرەدا دەتوانرێت جیابكرێتەوە ئەوانیش:ئیرۆتیكای ماددی و ڕۆحی و جل و بەرگن.

٧- لای قوباد بەپێی ڕیزبەندی ئەندامە سێكسییەكان(مەمك)زیاتر لە هەموو ئەوانیر باسی لێوەكراوە، هەروەك چۆن لە جل و بەرگیشدا سوخمە بە هەمان شێوە زۆرترین جار تیشكی خراوەتە سەر.

## سەرچاوەکان

١- ادبيات اروتيك و ادبيات پورنوگرافيك، ناصر غياپى،٢٠١٠ www.zamaanah.com
٢- اسيب شناسى هماغوشى اروتيسم مدرن با جان و روانى ايرانى، داريوش برادرى، www.sateer.de٢٠١٣
٣- الايروتيكيه، فليحه حسن،٢٠١٠،www.alnoor.se.
٤- الايروتيكيه و الشعر الايروتيكى،مهدى نصير،٢٠١٢،www.qabaqaosayn.com
٥- الجنس في القران الكريم، محمود خليل،٢٠٠٩،www.mamood khalil.com.
٦- الشخصيه الفيتشيه، اسعد الاماره، جريده حوار المتمدن،عدد١٢٢٤، ٢٠٠٥.
٧- ئەدەبیاتی ئیرۆتیك لە بازنەی كوفر و یاخی بووندا، بەرنامەی تەلەڤزیۆنی ڕێگا،ئامادەكردنی:نارین رۆستەم،ئابی٢٠١٥.
٨- ئەفسانەی خواكان،زیۆس، شجاع الدین صفا،و:عومەر رسول خدر،چ١، خانەی قانع، سلێمانی،٢٠٠٥.
٩- اروتيسم در ادبيات، عباس معروفى،٢٠٠٧،www.maroufi.malakut.org
١٠- ئیرۆتیك لە ئەدەبی فۆلكلۆری كوردیدا، پێشڕەوی سەید برایمی، چ١، بنكەی گەلاوێژ، سلێمانی،٢٠٠٨.
١١- ئیرۆتیك لە شیعری حەمامی شێركۆ بێكەسدا، د.دەریا حەوێزی و د. هاوژین صلێوە، چ١، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٥.
١٢ - ئیرۆتیك لە شیعری نالیدا، زانا خەلیل، چ١،ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢..
١٣- چاكەتێك لە كۆنە دەكڕم، قوبادی جەلیزادە،شیعر،چ١، بڵاوكراوەی دەزگای جەمال عیرفان،سلێمانی،٢٠١٥.
١٤- ڕووتەمەنی لە شیعری ئەختەردا، پێشڕەوی سەیدبرایمی، گ.كۆسار، ژ٤، ٢٠٠٨.
١٥- ڕووخساری ڕووتی ئافرەتی عەرەب، د.نوال السعداوی، و:زەروان، چ١، دەزگای وەرگێڕان، هەولێر،٢٠٠٦
١٦ - ژن و پیاو و ئاكاری سێكس لە لانكەی شارستانییەتەكاندا،ویل دیورانت، و:دڵشاد خۆشناو خۆشناو،چ٢،چاپخانەی یاد، سلێمانی،٢٠١١.
١٧- سەرەتاكانی ئەدەبی كوردی، د.مارف خەزنەدار، گ.كاروان،ژ٩٣، ١٩٩٢.
١٨- سێكس لە ئایینەكانی جیهاندا جیفری بارندەر، و:سەعید خەرپانەیی،چ١،چاپەمەنی گەنج، سلێمانی،٢٠١١.
١٩- شعلەى دوزبانە، عشق و اروتيسم، اوكتاويوپاز،ترجمە بهروز سفدرى، www.behrouz safdari. .Com. ٢٠١٥
٢٠- شیعری ئیرۆتیكی كوردی سەرەتا و سەرهەڵدان لای نالی، ئەدەب، شێخ ڕەزا دا، سەنگەر نازم حسێن، باسی دەرچوون، زانكۆی كۆیە، ٢٠١١.
٢١- في الادب الايروتيكى،امال عواد رمچان،٢٠١٣،www.almothaqaf.com
٢٢-علم النفس و الادب،د.سامى الدروبى،چ٢،دارالمعارف، مصر،١٩٧٢.
٢٣-قوبادی جەلیزادە،پاشای شیعری ئیرۆتیك،حمەسەعید حەسەن، ڕۆژنامەی باس نیوز،ژ٢٣٧، ٢٠١٥.
٢٤-قوبادی جەلیزادە، چاوپێكەوتن:ڕێزان سالح، ٣٠-١-٢٠١٠سلێمانی
٢٥- قوبادی جەلیزادە،چاوپێكەوتن لە بەرنامەی دیدگای تەلەڤزیۆنی .
٢٦- كۆماری ئەفلاتوون،و:سۆران عومەر، مەهدی حەسەن، ڕێبوار قارەمانی،چ١، دەزگای وەرگێڕان، هەولێر،٢٠٠٦.
٢٧- Kamasutra,anne hopper, new version٢٠١٦

٢٨-مەم و زینی ئەحمەدی خانی، پێشەكی و لەچاپدانەوەی نەجاتی عەبدوڵلە، ئاراس، هەولێر،٢٠٠٨.
٢٩-مەم و زین، هەژار شەرحی لێكردووە، چاپی دووەم، ئاراس، هەولێر،٢٠٠٨.

## الملخص

هذا البحث تحت عنوان(الايروتيكية في مجموعة قصائد اشتري سترة قديمة ل قباد جليزادة)فهي الدراسة النقدية التطبيقية حول تجليات الايروتيكية في شعر(قبادي جليزادة) متكونة من المقدمة والفصلين رئيسيين.وفي الختام مجموعة من النقاط عرضت هذه القصيدة الذي وصل اليها الباحث في لب الموضوع.

في القسم الاول تم توضيح مفهوم و مصطلح و تعريف(ايروتيك) و تاريخ الايروتيك في الادب و الفن، مع هذا شرح ظهور الادب الايروتيكي في الادب الكوردي.

اما القسم الثاني هو تطبيقيا الاكثر، تم شرح انعكاس و تجليات الايروتيك في مجموعة اشعار(اشتري سترة قديمة)بدقة.

## Abstract

This research under the title ( Erotic poems in the group bought an old jacket for Ghobad Jlizadh ) are applied critical study about the manifestations Erotic in poet (Ghobadi Jlizadh) is composed of the introduction and conclusion chapters Riisien.ovy set of points offered this poem by the researcher , who arrived in the heart of the matter.

In the first section it was to clarify the concept and the term and definition (Erotic ) and the date of Erotic in literature and art, with this explanation of the emergence of erotic literature in Kurdish literature.

The second section is the most applied , is explained reflection and manifestation of Erotic in the notification of a group ( bought an old jacket ) accurately .